National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# راپۆرتی
# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

خولی پاییزەی ساڵی پێنجەم

لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان

(٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ تا ٦ ی ئازاری ٢٠١٨)

## راپۆرتی یانزەهەم


## ستافی کاری پرۆژە

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پرۆژە:

**ئارام سەردار عومەر**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی روانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەشی عەرەبی روانگەی پەی:

**میران حسین حسن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**

بەشدار لە نوسینەوەی راپۆرت:

**م. ساکار عەزیز رەشید**



*- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) ڕێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بەفەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣وە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

*- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. ئێستاش بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.




**ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**ناونیشان: سلێمانی – ڕزگاری –بەرامبەر یاریگای یانەی وەرزشی ئاشتی**

**تەلەفۆن:** 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576

**ئیمەیڵ:** sarwary74@yahoo.com / payinstitute@gmail.com -

**فەیسبوک:** facebook.com/pay-institute

**پێگەی ئەلکترۆنی:** www.payied.org

**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٧**

**ئینستیتوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکاندا وەرگرتووە**

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەكی ........ | ٥ |
| هەڵسەنگاندنێكی رەوشی پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولەدا ........ | ٧ |
| یەكەم: دانیشتنەكانی پەرلەمان........ | ٧ |
| تێبینی سەبارەت بە دانیشتنەكانی پەرلەمان: ........ | ٨ |
| دووەم: پرۆسەی یاسادانان: ........ | ١٠ |
| خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاساكان: ........ | ١١ |
| گفتوگۆی كراوە: ........ | ١٣ |
| سێیەم: چاودێری حكومەت: ........ | ١٤ |
| چوارەم: پەسەندكردنی بودجە: ........ | ١٤ |
| پێنجەم: دەستلەكاركێشانەوەی ئەندامان........ | ١٥ |
| شەشەم: لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان........ | ١٥ |
| ئاڵوگۆڕی ئەندامان لە لیژنەكان: ........ | ١٥ |
| كۆبوونەوەی لیژنەكانی پەرلەمان: ........ | ١٧ |
| تێبینی لەسەر كۆبوونەوەی لیژنەكان: ........ | ١٨ |
| نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساكان: ........ | ١٨ |
| دەستلەكار كێشانەوەی سەرۆكی پەرلەمان........ | ١٩ |
| یاسای چاكسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكانی دیكە لە هەرێمی كوردستان........ | ٢٠ |
| پێشێلكارییەكانی پەیڕەوی ناوخۆ لە پەرلەماندا........ | ٢٤ |
| خشتەی (١) پوختەی كاری پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا........ | ٢٥ |
| ئەنجام ........ | ٢٦ |
| راسپاردەكان ........ | ٢٩ |
| پاشكۆ: (١) ........ | ٣٠ |
| پاشكۆ: (٢) ........ | ٣١ |
| پاشكۆ: (٣) ........ | ٣٥ |
| پاشكۆ: (٤) ........ | ٣٦ |
| پاشكۆ: (٥) ........ | ٣٧ |
| پاشكۆ: (٦) ........ | ٣٨ |
| پاشكۆ: (٧) ........ | ٣٩ |
| پاشكۆ: (٨) ........ | ٤٠ |
| پاشكۆ: (٩) ........ | ٤٤ |
| پاشكۆ: (١٠) ........ | ٤٥ |
| پاشكۆ: (١١) ........ | ٤٦ |
| خشتەی ناوی ئەندامانی لیژنەكان و پەختەی كار و چالاكیەكانیان ........ | ٤٧ |

# روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

www.payied.org

روانگەی پـەی ، کـەماوەی (٢ ) سـاڵە کـار دەکـات، بەشـێکە لـە پـرۆژەی چـاودێری و هەڵسـەنگاندنی کارەکـانی پەرلـەمانی کوردستان، ئەم ماڵپەر، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زانیاری لەسەر هەر چوار خولەکەی پەرلەمان بڵاوکردۆتەوە، هەر لـە سەرجەم (سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی، یاساکان، بڕیارەکان، لیژنە کاتیەکان و هەمیشەییەکان) .

لەسەر ئاستی خولی چوارەمیش (٢٠١٣– ٢٠١٨) (لیژنە کاتیەکان، لیژنە هەمیشـەییەکان، سـیڤی ئەنـدامان و سـەرۆکایەتی، فراکسـیۆنەکان، بەرنامـەی کـار، پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان، ڤیـدیۆی سـەرجەم دانیشـتنەکان، ئامادەنـەبوونی ئەنـدامان لـە د انیشتنەکان، لیسـتێکی پەیوەنـدی بـە ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە) جگـە لـە چـەند بەشـێکی تـری وە( پەرلـەمانی کوردسـتان لـە میدیاکاندا، پەرلەمان بە ئینفۆگرافیك، بڵاوکراوە دەربارەی کاری پەرلەمان، بڵاوکراوەکانی پەرلـەمان، بـیرورا لەسـەر پەرلـەمان، هەواڵی رۆژانەی پەرلەمانیش بڵاودەکرێتەوە، لەهەمان کاتدا گرنگی بەهەواڵی لیژنەکان و فراکسیۆنەکانیش دەدرێت بـە مـەرجێك هەواڵەکە پەیوەندیدار بێت بەکاری دانانی یاسا و چاودێری دامەزراوە گشتیەکانەوە.

هەر لە روانگەی پەی سەرجەم راپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان و سـەرجەم ئـەو پرۆژانـەی تـر بڵاوکراونەتـەوە کـە ئینستتیوتی پەی کاری لەسەر کروون ، پاش تەواو کردنی تەواوی بەشی عەرەبی ماڵپەرەکە لە داهاتووشـدا کـار دەکرێـت بـۆ زیادکردنی زمانی ئینگلیزی .

# پێشەکی

دووای ئەوەی کە پەرلەمان پاش نزیکەی دوو ساڵ لە داخستنی دەرگای هۆڵی کۆبوونەوەکانی، خواستی خەڵك و داواکارییەکانیان ئەوە بوو کە کارا ببێتەوە، ئەوەبوو لە ٢٠١٧/٩/١٥ دا دەستی بە کۆبوونەوەکانی کردەوە بەڵام هەر کارا نەبوویەوە، هەرچەندە لە ٢٠١٧/١١/٦ دەبوایە ئەم خولی پەرلەمانە کۆتایی بهاتایەو باروبنەی بپێچایاتەوەو شوێنی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان و ستاف و پەرلەمانێکی تازە چۆل بکردایە، بەڵام خواستی حزبە باڵا دەستەکان و بێدەنگی لایەنەکانی تر ئەوە بوو کە ساڵێکی تری لەتەمەنی خۆی درێژ کردەوە بەبێئەوەی رێگە بە سەرۆکەکەیشی بدرێت بگەڕێتەوەو سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی بکات. نەك هەر ئەمە بەڵکو کاتێك سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەیشی پێشکەشکردن تا ئێستاشی لەگەڵدابێت تەنانەت هەر نەیانخستە بەرنامەی کاریشەوەو پەسەندیشیان نەکرد.

ئەوەی لەم راپۆرتەدا خراوەتە روو، باس لەم خولەی پەرلەمان دەکات لە (٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ تا ٦ ی ئازاری ٢٠١٨)، کەماوەی یەکەم خولی درێژکراوەی تەمەنی پەرلەمانە، تیایدا (١٣) کۆبوونەوەی کردووە و (٦) یاسای پەسەند کرد، بەڵام لەرەوشی کاری خۆی و بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانیدا دەیان پێشێلکاری پەیرەوی کردووە.

لەپێناو شرۆڤە کردنی ئەم رەوشەو چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان وەك دەزگایەکی یاسایی و نیشتمانی، **ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**، بەردەوامە لەسەر کاری چاودێریی کردنی خۆی، کە ئەمە **یانزەهەمین** راپۆرتیەتی بە هاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی دەیخاتە بەر دەستتان، ئامانجمان ئەوەیە کە دەنگدەری کوردستان لە ئەدای نوێنەرەکانی ئاگادار بکەینەوەو ئەجێندای کرداریی لایەنە سیاسیەکان بخەینەروو و بەڵێنەکانی سەردەمی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان وەبیر خەڵك بێنینەوەو بەرای گشتی بڵێین پایە سەرەکیەکانی کارکردن وەك (یاسا دانان، چاودێری، پەسەندکردنی بودجە) لەو دەزگا نیشتیمانیەدا چۆن بەرێوەدەچن.

ئێمە لە **پەی** دەمانەوێت هاوکاری پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی پەرلەمان بین، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی زانیاری روون و ورد لەسەر پەرلەمان و ئەدای ئەو دەزگایە بەدەنگدەری لایەنەکان، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاری چالاك لە ناچالاك جیا بکرێتەوە و فشاریکی مەدەنیش درووست بکەین بۆ سەر ئەو پەرلەمانتارانەی کە بەئەرکی خۆیان وەك پێویست هەڵناستن. بەکورتی ئەو پرۆژەیە ئامانجیەتی پەرلەمانتار و دەنگدەر پێکەوە ببەستێتەوە و پەیوەندی نێوان رای گشتی و ئەو دەزگا نیشتیمانیە بەهێز بکات.

ئێمە لێرەدا رایدەگەیەنین کە سەربارى ئەوەى رێگریمان لێ دەکرێت، هەروەك پێشتریش رێگریمان لێ کراوە، ئێستاش کە سەرۆکایەتى پەرلەمان و دامەزراوە فەرمیەکانى ئامادەنین هیچ زانیارییەکمان پێ بدەن، سەربارى ئەوەى چەند جارێك بە نامەو نوسراوى فەرمى داوامان لە سەرۆکایەتى پەرلەمان کردووە کە بەپێى یاسا رێگەمان پێبدەن کارەکانى خۆمان بکەین، بەلام بەرێزیان بەردەوام بوون لەسەر ئەم هەلوێستە ناشەفافانەیان و ئەو یاسایانیان پێشێل کردووە کە خودى خۆیان دایانناوە.

بەلام سەربارى ئەمە، ئێمە وەك ستافى ئینستتیوتى پەى کارى خۆمان و پرۆژەکەمان رانەگرتووەو راناگرین و بە پالپشتى دۆستان و پەرۆشانى دیموکراسى لە ناوەوەو دەرەوەى هەرێم و پەرلەمانتارە لێهاتووەکان درێژەى دەبێت و بەردەوامین لەسەر چاودێریى پەرلەمان و دەرخستنى هەموو ئەو خەوش و کەموکورییانەى پەرلەمان دەیکات و بەردەوامین لە دروستکردنى فشار لەسەر ئەو هێز و لایەنانەى نایانەوێت پەرلەمان بەراستى کارابێت و بە ئەرکەکانى خۆى هەلبستێت.

**ئینستتیوتى پەى بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**ئازارى ٢٠١٨**

# هەڵسەنگاندنێکی ڕەوشی پەرلەمان

## خولی پاییزەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان

## ( ٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ تا ٦ ی ئازاری ٢٠١٨ )

### یەکەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان:

| ژ | ڕۆژی دنیشتن | ژمارەی دانیشتن | ژمارەی بڕگەی کار | بڕگەی جێبەجێکراو | بڕگەی دواخرا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٧/١١/١٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٠ |
| ٢ | ٢٠١٧/١٢/٦ | ٢ | ٤ | ٤ | ٠ |
| ٣ | ٢٠١٧/١٢/١٣ | ٣ | ٧ | کۆبوونەوەکە دواخرا | ٧ |
| ٤ | ٢٠١٧/١٢/١٧ | ٣ | ٧ | ٦ | ١ |
| ٥ | ٢٠١٨/١/١٠ | ٤ | ٦+١ | ٤ | ٣ |
| ٦ | ٢٠١٨/١/٣٠ | ٥ | ٦ | ٢ | ٤ |
| ٧ | ١٢٠١٨/٣١ | ٦ | ٤ | ٣ | ١ |
| ٨ | ٢٠١٨/٢/٦ | ٧ | ٤ | ٣ | ١ |
| ٩ | ٢٠١٨/٢/١٢ | ٨ | ٥ | ١ | ٤ |
| ١٠ | ٢٠١٨/٢/١٣ | ٩ | ٤ | ٢ | ٢ |
| ١١ | ٢٠١٨/٢/٢١ | ١٠ | ١٠ | ٢ | ٨ |
| ١٢ | ٢٠١٨/٢/٢٢ | ١٠ | ١ | ١ | ٠ |
| ١٣ | ٢٠١٨/٢/٢٦ | ١٢ | ٩ | ١ | ٨ |
| ١٤ | ٢٠١٨/٢/٢٧ | ١٣ | ٩ | ١ | ٨ |
| ١٥ | ٢٠١٨/٣/٥ | ١٤ | ٨ | کۆبوونەوەکە دواخرا | ٨ |
| ١٦ | ٢٠١٨/٣/٦ | ١٤ | ٨ | کۆبوونەوەکە دواخرا | ٨ |
| سەرجەم | | ١٣ | ٩٧ | ٣٤ | ٦٣ |

# تێبینی سەبارەت بە دانیشتنەکانی پەرلەمان

١-نازانرێت کۆبوونەوەی ژمارە (١) چی بووە و کەی کراوە! لەکاتێکدا ئەم خولە کۆبوونەوەکانی لە ژمارە (٢)ەوە دەست پێدەکاتەوە! ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرۆکایەتی شارەزایی کەمە، هەر بۆیە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٧/١١/١٥ لە خولەکەی تر بە ژمارە (٥) هاتووەو کەچی لەم خولەشدا هەمان کۆبوونەوە بە ژمارە (١) ئەژمار کراوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ٢٠١٧/١١/٦ دەبوایە کۆتایی خول رابگەیەنێت و سەرەتای خولێکی تازە بکاتەوە بەڵام نەیکرد و هەردوو خولی لەیەک گرێداوەو تێکەڵییەک هەیە، ئەمەش نەشارەزایی و بێئاگایی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەردەخات.

٢- دانیشتنی ژمارە (١١) درێژەی دانیشتنی ژمارە (١٠)یە، هەر بۆیە هەردوو دانیشتنی رۆژانی (٢٠١٨/٢/٢١) و (٢٠١٨/٢/٢٢) ناویان بە ژمارە (١٠) هاتووە، کەچی ئەوەی دووەمیان بە (١١) ئەژمار کراوە، ئەمەش نەشارەزایی و بێئاگایی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەردەخات.

٣-لە زۆرینەی کۆبوونەکاندا ئاڵوگۆڕی بەرنامەی کار کراوە، بۆ نمونە لە دانیشتنەکانی ژمارە (٢) لە ٢٠١٧/١٢/٦ و ژمارە (٣) لە ٢٠١٧/١٢/١٧ و ژمارە (٤) لە ٢٠١٨/١/١٠ و ژمارە (٥) لە ٢٠١٨/١/٣٠ و ژمارە (٦) لە ٢٠١٨/١/٣١ و ژمارە (٧) لە ٢٠١٨/٢/٦ و ژمارە (٨) لە ٢٠١٨/٢/١٢ و ژمارە (٩) لە ٢٠١٨/٢/١٣ و کۆبوونەوەی ژمارە (١٠) لە ٢٠١٨/٢/٢١، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرۆکایەتی لە دانانی بەرنامەی کاردا نائاگاو نەشارەزان.

٤-لە زۆرینەی کۆبوونەوەکاندا زۆرترین کات بە نوقتەی نیزام بەفیڕۆ دەروات، لەکاتێکدا پێویستی بەوە نەدەکرد، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرۆکایەتی لە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکاندا لاواز و نەشارەزان.

٥-لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤) لەناو هۆڵ برگەیەك بۆ بەرنامەی کار زیادکرا. ئەویش خوێندنەوەی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان بوو کە سەردانی رۆژئاوای کوردستانیان کردبوو، کە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ نابێت هیچ بابەتێك بخرێتەڕوو یاگفتوگۆی لەسەر بکرێت ئەگەر لەبەرنامەی کاردا نەهاتبێت.[1] ئەمەش نیشانەی بێسەروبەرەیی سەرۆکایەتی دەگەیەنێ لەدانانی بەرنامەی کاردا.

٦-بەپێی برگەی (٣)ی مادەی یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ی (یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم). دەسەڵاتی ئیمزاکردنی یاساکان دراوە بە (سەرۆکایەتی پەرلەمان)، واتە هەر سێ ئەندام (سەرۆك و جێگر و سکرتێر) بەڵام هیچ کام لە یاساکان کە دەرچوون ئیمزای (سەرۆك)یان بەسەرەوە نیە.

---

(١)-برگەی (٣) لە مادەی (٥٤)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان.

٧–یەکێك لەو گرفتانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دانیشتنەکاندا بۆخۆی و پەرلەمانی خولقاندووەو گومانی لەدڵی هاوڵاتیان دروستکردووە لەسەر خۆی ئەوەیە بەبێ هۆکار بەشێك لە دانیشتنەکان بە داخراوی ئەنجامدەدات.

٨–لە زۆربەی کۆبوونەوەکاندا بەرنامەی کار لەکاتی خۆی رانەگەیەنراوەو درەنگ بە ئەندامان گەیشتووە.

٩–ژمارەیەك لە پرۆژە یاساکان لەکاتی خوێندنەوەی یەکەمیاندا لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا وەك پێویست ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان نەکراون، پرۆژە یاسا هەیە نەدراوە بەو لیژنانەی کە پێویست بوو ئاراستەیان بکرێت.

**دووەم: پرۆسەی یاسادانان:**

**دەرکردنی یاسا:**

لەماوەی ئەم خولەدا پەرلەمان ئەم یاسایانەی پەسەند کردووە:

١-یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ی هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان-عێراق.[١]

٢-یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ی یاسای لێبوردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان-عێراق.[٢]

٣- یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای رێکخستن و چاندن و گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ.[٣]

٤- یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق).[٤]

٥- یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت.[٥]

٦- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ی یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان.[٦]

---

(١)-ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٧/١٢/٦) پەسەند کرا.

(٢)-ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٧/١٢/١٧) پەسەند کرا.

(٣)-ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/١/٣٠) پەسەند کرا.

(٤)-ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/١/٣١) پەسەند کرا.

(٥)-ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٢/١٢) پەسەند کرا.

(٦)-ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٢/٢٧) پەسەند کراو لەئەنجامی فشاری خەڵك و ئەو ناڕەزاییە زۆرەی لێی کەوتەوە لە رۆژی ٢٠١٨/٣/٤ لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە یاساکە رەد کرایەوە.

## خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاساکان:

لەماوەی ئەم خولەدا، پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەم پرۆژە یاسایانە کردووە:

| ژ | ناوی یاسا و بڕیار | ئەو لیژنانەی ئاراستەیان کراوە | مێژووی خوێندنەوە |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێم. | یاسایی | ٢٠١٧/١١/١٥ |
| ٢ | پرۆژە یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان–عێراق | یاسایی/مافی مرۆڤ/ژنان/ ناوخۆ | ٢٠١٧/١١/١٥ |
| ٣ | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق. | یاسایی/ناوخۆ | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| ٤ | پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی کاروباری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق. | یاسایی/ | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| ٥ | پرۆژە یاسای دەستەی یەکە پزیشکییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق. | یاسایی/تەندروستی | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| ٦ | پرۆژە یاسای هەمواری پێبژاردن (الغرامات)، لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو. | یاسایی/دارایی | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| ٧ | پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان-عێراق. | یاسایی/تەندروستی | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| ٨ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو. | یاسایی/دارایی | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| ٩ | پرۆژە یاسای زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی دەوڵەت. | یاسایی/شارەوانی/ کشتوکاڵ | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| ١٠ | پرۆژە یاسای هەمواکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان. | یاسایی/ژنان/ مافی مرۆڤ | ٢٠١٧/١٢/٦ |
| ١١ | بەپشووی فەرمی نەکردنی رۆژی (١/٦) کە دەکاتە رۆژی دامەزراندنی سوپای عیراق. | یاسایی | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| ١٢ | پرۆژە بڕیاری رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەیی تورکمان. | یاسایی | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| ١٣ | -بڕیاری دروستکردنی کارتی ئەلیکترۆنی بۆ مووچەخۆرانی هەرێم. | یاسایی/ دارایی | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| ١٤ | بڕیاری پاکسازی لە لیستی مووچەخۆران. | یاسایی/دارایی/ نەزاهە | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| ١٥ | بڕیاری دەستبەسەرداگرتن و گەڕاندنەوەی ئەو موڵک و سامانانەی بەناڕەوا بەدەستهاتوون. | یاسایی/نەزاهە/ دارایی | ٢٠١٧/١٢/١٧ |
| ١٦ | پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لەهەرێمی کوردستان. | یاسایی/دارایی/پێشمەرگە/ناوخۆ/نەزاهە/ کاروباری پەرلەمان | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ١٧ | پرۆژە یاسای بەدامەزراوەییکردنی هێزە چەکدارەکانی کوردستان-عێراق، | یاسایی/پێشمەرگە/ناوخۆ | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ١٨ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بەمرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ی عێراق لەهەرێمی کوردستان، | یاسایی/ژنان/مافی مرۆڤ/تەندروستی | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ١٩ | پرۆژە یاسای ئاوەدانیی گوندەکانی کوردستان، | یاسایی/ئاوەدانکردنەوە/شارەوانی | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ٢١ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی (قانون الحفاظ علي الوثائق- لسنة ٢٠١٦) لەهەرێمی کوردستان- عێراق، | یاسایی/رۆشنبیری | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ٢٢ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی (قانون المتضررين الذين فقدوا جزءاً من | یاسایی/مافی مرۆڤ/ | ٢٠١٨/١/١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | اجسادهم جراء ممارسات النظام البائد-رقم (٥) لسنة ٢٠٠٩) لەهەرێمی کوردستان-عێراق، | | |
| ٢٣ | پرۆژەیاسای بەرکارکردنی (قانون التوقيع الالكتروني والمعاملات الالكترونية رقم (٧٨) لسنة ٢٠١٢) لەهەرێمی کوردستان. | یاسایی | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ٢٤ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی (قانون مكافحة غسل الاموال وتمويل الارهاب رقم (٣٩) لسنة ٢٠١٥) لەهەرێمی کوردستان، | یاسایی/نەزاهە/دارایی | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ٢٥ | پرۆژە بڕیاری داگیرکردنی موڵکی گشتی بەمەبەستی دروستکردنی باخ، | یاسایی/شارەوانی/کشتوکاڵ | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ٢٦ | پرۆژە بڕیاری بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی ناساندنی کارەساتی قەزای خورماتوو و باقی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، | یاسایی/ مافی مرۆڤ | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ٢٧ | پرۆژە بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتیی پەرلەمان بەمەبەستی بەدواداچوون لە کردەوەی جینۆساید بەرامبەر بەهاووڵاتییانی کوردی قەزای دووزخورماتوو و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەدەوروبەری ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/١٦، لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستپێکردووە. | یاسایی/ مافی مرۆڤ/پێشمەرگە نوێنەری فراکسیۆنەکانی چوون | ٢٠١٨/١/١٠ |
| ٢٨ | پرۆژە یاسای پاراستنی تۆڕ و دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان-عێراق، | یاسایی/شارەوانی/ کشتوکاڵ/ | ٢٠١٨/١/٣٠ |
| ٢٩ | پرۆژە یاسای دەستەبەرکردنی نوێنەرانی ئافرەتان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان. | یاسایی/ژنان | ٢٠١٨/٢/٦ |
| ٣٠ | پرۆژە یاسای ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان. | یاسایی/ کشتوکاڵ | ٢٠١٨/٢/٦ |

## گفتوگۆی کراوە:

گفتوگۆی کراوە کە شێوازێکە (نە یاسایەو نە بڕیارەو نە راسپاردەیە)، زیاتر بۆ قسەکردنی فراکسیۆنەکان و ئەندامەکانیانە لەناو هۆڵی پەرلەماندا، لەو ماوەیەدا ئەو گفتوگۆیانە کراون:

١-رۆژی ٦/١٢/٢٠١٧ گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر رەوشی شاری دووزخورماتوو و گوزەرانی دانیشتووانە کوردەکەی کە ئێستا ئاوارەی ناوچەکانی کوردستان بوون کرا.[١]

٢-رۆژی ٣٠/١/٢٠١٨ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان پەیامی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی عەفرین خوێندنەوە و لەدواتریشدا پەرلەمان پەیامێکی بڵاو کردەوە.[٢]

٣-رۆژی ٢١/٢/٢٠١٨ ئەو شاندەی پەرلەمان کە سەردانی عەفرینیان کردبوو راپۆرتی خۆیان خوێندەوە.

(١)-لەسەر داوای ژمارەی یاساییی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکشەکرابوو، گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر رەوشی شاری دووزخورماتوو و گوزەرانی دانیشتووانە کوردەکەی کە ئاوارەی ناوچەکانی کوردستان بوون بەڕێوە چوو. سەرەتا نامەی ئیدارەی خورماتوو بۆ پەرلەمانتاران خوێندرایەوە کە تێیدا رەوشی ئاوارەکان و پێشلکارییەکانی دەرهەق بەخەڵکە کراون لەگەڵ پێشنیازکردنی هاوکاریکردنی خەڵکەکەو گەراندنەوەیان باسکرابوون. هەر لەوچوارچێوەیەشدا لەلایەن هەردوو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لیژنەی ماف مرۆڤ، راپۆرتی تایبەت بەخستنەرووی راستییەکان و پیشاندانی بەڵگەو دۆکیومێنتی پێویست لەبارەی پێشلکارییەکان و قوربانیان بۆ پەرلەمانتاران خرانەروو، و ژمارەیەك لەنوێنەرانی لیست و فراکسیۆنەکان وپێکهاتەکانی پەرلەمان وپەرلەمانتاران پێشنیازو هەڵوێستیان لەبارەی ئەو رووداوانەی دووز خورماتوو دەربڕی.

هەردوو لیژنەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لیژنەی ماف مرۆڤ کۆی داواکارییەکانی ئیدارەی خورماتوو و خەڵکی ناوچەکەو گفتوگۆکانی پەرلەمانتاران لەچوارچێوەی چەند بریارو راسپاردەیەك پوختکردوە، کە لەهەشت خاڵ پێکهاتبوو تێیدا هاتووە: پێویستە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەرووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرو رۆژانی دوایی کە لەخورماتوو روویداون دروست بکرێت و پێویستە حکومەتی هەرێم بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی ئاوارەبووی ناوچەکەو قوربانیانیش بەشەهید هەژمار بکرێن و هەروەك پەرلەمان حکومەتی هەرێم رادەسپێرێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەو دۆکیومێنتکردنی سەرجەم تاوانەکان و ناردنیان بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و (un). لەخاڵێکی دیکە داوا لەحکومەتی هەرێم دەکات سکالا دژ بەتاوانەکان بەپێی ماددە دەستوورییەکان لەمەحکەمەی ئیتیحادی تۆمار بکات و هەروەك داواش لەنەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بەهانای ئاوارەکان بچن و رێگە بەمانەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی نەدرێت و ئیدارەی هاوبەش دروست بکرێت بۆ بەرێوەبردنی ئەو ناوچانە. هەروەها پەرلەمانی کوردستان داوا لەحکومەتی عیراقی دەکات کۆتایی بەو پێشلکاریی و تاوانانە بهێنێت و سەرجەم ئەو بریارە کارگێرییانەشی دوای ئەم رووداوانە دراون هەڵبوەشێندرێنەوە. ئەم راسپاردەو بریارانەی پەرلەمان کە لەهەشت خاڵ پێکهاتبوون، بەجیا خرانە دەنگدانەوەو پەسند کران.

(٢)-بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

## سێیەم: چاودێری حکومەت:

سەربارى ئەوەى پەرلەمان کۆبوونەوەکانیشى دەست پێکردۆتەوە، لەپرۆسەى چاودێرى کردنى حکومەتدا هیچ چالاکییەکى نەبووەو نەیتوانیوە بە ئەرکى خۆى هەڵبستێت. جگە لە چەند کۆبوونەوەیەك نەبێت کە حکومەت و پەرلەمان کردوویانەو کۆبوونەوەکانیش لەو چوارچێوەیەدابوون کە حکومەت ویستویەتى ئەجێنداى خۆى لەرێگەى پەرلەمانەوە جێبەجێ بکات، نەك پەرلەمان چاودێریى حکومەت بکات و لێى بپێچێتەوە. لەو هەموو پێشێلکارییە یاساییەى حکومەت کردوویەتى، هەر لە پاشەکەوتى موچەو کەمکردنەوەى بۆ چارەك، وە نەدانى ئەو چارەکەش لە کاتى خۆى، کە موچەى چین و توێژ هەیە بە سێ مانگیش نادرێت، فرۆشتنى نەوت و ناڕوونى داهاتەکان، یاریکردن بە کاتى هەڵبژاردنەکان و بوونى گەندەڵى لە زۆرینەى سێکتەرەکان و خراپى خزمەتگوزاریى پەروەردەو تەندروستى و خوێندنى باڵاو رێگەوبانەکان و کەمى سوتەمەنى و کارەباو ئاو و زیادکردنى نایاسایى باجەکان و دەیان بابەتى تر، سەربارى ئەوەى چەند ئەندامێك جاروبار یاداشتیان بۆ بانگهێشتکردنى سەرۆکایەتى ئەنجومەنى وەزیران و هەندێك لە وەزیرەکان پێشکەشکردووە، بەڵام پەرلەمان نە گوێى لە ئەندامەکانى گرتووەو نە توانیویەتى لە هیچ بەرپرسێکى حکومى بپێچێتەوە.

## چوارەم: پەسەندکردنى بودجە:

لەپەسەندکردنى بودجەدا پەرلەمان هیچ رۆڵێکى نەبووە:

١–لەماوەى پێنج ساڵى رابردوودا ئەم خولەى پەرلەمان بودجەى هیچکام لە ساڵەکانى (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨)ى پەسەند نەکردووە.[1]

٢–جگە لەوەى بودجە لە پەرلەمان پەسەند نەکراوە، ئەو بودجەیەى کە هەشبووە حکومەت بەئارەزووى خۆى دابەش و تەخشان و پەخشانى کردووەو بەبێ ئەوەى هیچ چاودێرییەکى بەسەرەوە بێت، هەر بۆیەشە (حیساباتى کۆتایى) هیچ کام لە ساڵەکانى (٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧) تا ئێستا نەنێردراوە بۆ پەرلەمان و کەس نازانێت ئەو بودجەیە چۆن دابەش و خەرج کراوەو پەرلەمان هیچ رۆڵێکى نەبووە.

---

(١)– ماوەى پێنج ساڵە پەرلەمانى کوردستان نە بودجەى پەسەند کردووە و نە ئاگادارى ئەوەشە ئەو بودجەیەى لەهەرێمدا هەیە چۆن خەرج دەکرێت.

## پێنجەم: دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامان

١-رۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧ دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (باپیر کامەلا) لە لیستی ئاراستەی سێیەم خرایە بەرنامەی کارەوە، بەڵام لەکاتی دەنگداندا رەت کرایەوەو دەنگی پێویستی نەهێنا. (١)

٢-رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٦ سەرۆکی پەرلەمان (د.یوسف محەمەد صادق) نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشکرد. (٢)

## شەشەم: لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە (٢٢) لیژنەی جیاجیا پێکهاتووە، کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێکهێنانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات. هەر لیژنەیەکیش نابێت لە (٥) ئەندام کەمتر پێکهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پرۆژە و کارەکانی حکومەت و چوونە ناو خەڵکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانیان.

### ١-ئاڵوگۆڕی ئەندامان لە لیژنەکان:

لەو ماوەیەدا ئەم ئاڵوگۆڕکردنانە لە لیژنەکاندا کراون:

٢ – رۆژی چوارشەمە (٢٠١٧/١٢/٦) زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ئەیوب عەبدوڵا رەسول) بۆ سەر لیژنەی (کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان).

٣ – رۆژی چوارشەمە (٢٠١٧/١٢/٦) دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەهزاد دەروێش دەروێش) لە لیژنەی (ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و هاوچەرخکردنی لادێ) و زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی (کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی).

٤ – رۆژی چوارشەمە (٢٠١٧/١٢/٦) دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بەهار عەبدولڕەحمان محەمەد) لە لیژنەی (کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی) و زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی (مافی مرۆڤ).

---

(١)-بەهۆی ئەوەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەنێو لیستەکەیاندا وا رێك کەوتبوون کە لەبەر ئەوەی تەنها یەك کورسیان هێنابوو، ئەو ئەندامەی دەچێتە پەرلەمان دوو ساڵی یەکەم بۆ (باپیر کامەلا) بێت و دوو ساڵی دووەمیش بۆ (هیوای سەید سەلیم) بێت کە لە حزبی زەحمەتکێشان بوو، هەر لەبەر ئەمە باپیر کامەلا نامەی دەستلەکارکێشانەوەی لەئەندامییەتیی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کرد، بەلام بەزۆرینەی دەنگ رەتکرایەوەو دەستلەکارکێشانەوەکەی قبوڵنەکرا.

(٢)- تا ئێستاش نامەی دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە.

٥ – ڕۆژی چوارشەمە (٢٠١٧/١٢/٦) دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (شیلان جەعفەر عەلی) لە لیژنەی (کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان) و زیادکردنی بەڕێزیان بۆ سەر لیژنەی (پێشمەرگە و کاروباری شەهیدان و قوربانییانی جینۆساید و زیندانییانی سیاسی) لە شوێنی ئەندامی دەستلەکارکێشاوە بەڕێز (ئاری هەرسین) لە لیژنەی ناوبراو.

٦ – ڕۆژی چوارشەمە (٢٠١٧/١٢/٦) زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (مستەفا ئەحمەد حەمەد) بۆ سەر لیژنەی (ئەوقاف و کاروباری ئاینی).

٧ – ڕۆژی چوارشەمە (٢٠١٧/١٢/٦) زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گۆران مەحمود ئیسماعیل) بۆ سەر لیژنەی (وەرزش و لاوان) و لیژنەی (پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان).

٨–ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧ پەرلەمانتار مستەفا ئەحمەد بۆ لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار.

٩–ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٠ دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (صالح بشار صالح) لە هلیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان.

١٠–ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٠ دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (هێڤا حاجی میرخان) لە لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر.

١١–ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٠ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (عەلی عوسمان عەلی) بۆ سەر لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان.

١٢–ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٠ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (صالح بشار صالح) بۆ سەر لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر.

١٣–ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٠ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (هێڤا حاجی میرخان) بۆ سەر لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان.

١٤–ڕۆژی ٢٠١٨/١/٣٠ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (ئەیوب عەبدوڵا ڕەسوڵ)، بۆ سەر لیژنەی کاروباری پەرلەمان.

١٥– ڕۆژی ٢٠١٨/١/٣٠زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز عەبدولڕەحمان فارس عەبدولڕەحمان (ئەبو کاروان)، بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.

١٦–ڕۆژی ٢٠١٨/٢/٦ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (پەری صالح حەمید)، بۆ سەر لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

١٧– ڕۆژی ٢٠١٨/٢/١٣ (دلێر ماوەتی) دەستی لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید کێشایەوە.

١٨–ڕۆژی ٢٠١٧/٢/١٣ زیادکردنی ئەندامی پەرلەمان ( ئاری عەبدوللەتیف مەولود)، بۆ سەر لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر.

## ٢- کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان:

بەهۆی ئەوەی بە نوسراوی ژمارە (٤٥٢/٤/٤) ی بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوانی پەرلەمان و لەسەر داوای جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە (٢٠١٧/٢/٢٧) کە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان کراوە، تیایدا هاتووە کە نابێت هیچ زانیارییەك بە فەرمی لەلایەن پەرلەمانەوە بدرێت بە رێکخراوەکەمان، هەر بۆیە بەپێی هەواڵی سایتی فەرمی پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولەدا کۆبوونەوەی لیژنەکان بەم جۆرە بووە:

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی کۆبوونەوە |
|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی | ١٦ |
| ٢ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت | ١٠ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ وئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | ٩ |
| ٤ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان | ٨ |
| ٥ | لیژنەی ئاسەوارو، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی | ٨ |
| ٦ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت) | ٧ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان | ٦ |
| ٨ | لێژنەی کاروباری پەرلەمان | ٥ |
| ٩ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری | ٥ |
| ١٠ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە | ٤ |
| ١١ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن | ٤ |
| ١٢ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان | ٤ |
| ١٣ | لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | ٣ |
| ١٤ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی | ٣ |
| ١٥ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤ | ٣ |
| ١٦ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان | ٣ |
| ١٧ | لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر | ٣ |
| ١٨ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ٢ |
| ١٩ | لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر | ٢ |
| ٢٠ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ٢ |
| ٢١ | لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی | ٢ |
| ٢٢ | لیژنەی وەرزش و لاوان | ١ |
| سەرجەم | | ١١٠ |

## تێبینی لەسەر کۆبوونەوەی لیژنەکان:

١-لەماوەی خولی رابردوودا کە (٦) مانگ بوو سەرجەم لیژنەکان تەنها (١٣) کۆبوونەوەیان ئەنجامدابوو، بەلام ئەم خولە کە تەنها (٤) مانگە (١١٠) کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە.

٢-هۆکاری زۆر ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕێك پارەی وەك (دەرماڵە) بۆ ئەندامەکان بڕیوەتەوە لەدەرەوەی موچەکانیان و بۆ وەرگرتنی ئەم دەرماڵەیەش مەرجی ئەنجامدانی کۆبوونەوەو بوونی (کۆنوسی کۆبوونەوە)ی داناوە بەسەریانەوە.

٣-بەپێی ئەو بەدواداچونانەی پەی ئەنجامیداوە، زۆرینەی کۆبوونەوەکان تەنها بۆ ناو کراون بۆ ئەوەی نەلێن لیژنە کۆبوونەوەی نەکردووە. بەشێك لە کۆبوونەوەکان سەردانن، یا پێشوازین لە میوان، یا هەر ناوی هاتووە کە کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنە بووە بەبێ ئەوەی دەرەنجامێکی هەبووبێت.

٤-لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرترین کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، بەڵام کەمترین راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساکان نوسراوە و کەمترین بەدواداچونیش بۆ ئیش و کارەکانی حکومەت کراوە.

## ٣- نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان:

تا ئێستا (١٩٠) پرۆژە یاساو بڕیار لە پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی ئەندامان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، ژمارەیەکی زۆری پرۆژەش لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەشکراون بەڵام هێشتا خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە. لە کۆی ئەو پرۆژانە لەتەمەنی خولی چوارەمی پەرلەماندا کە چوار ساڵ و نیوە تا ئێستا تەنها (٣٠) یاسا و (٧) بڕیار پەسەند کراون و ئەوانەی تر وەك خۆیان ماونەتەوە. لەماوەی ئەو بەناو (خولی پایزە)دا بەپێی ماڵپەڕی پەرلەمان هیچ لیژنەیەك راپۆرتی نەنوسیووە لەسەر پرۆژە یاساکان کە ئاراستەیان کراوە، جگە لەو (٦) یاسایەی کە پەسەند کران راپۆرتی لیژنەکانیان لەسەر نوسرابوو.

کۆی گشتی ئەو راپۆرتانەی دەبوایە لیژنەکان لەسەر پرۆژەکان بیانوسیایە (٤٤٥) راپۆرتە، بەڵام لیژنەکان لەماوەی چوار ساڵ و نیوی رابردوودا (١٣٧) راپۆرتیان نوسیوەو تا ئێستا (٣٠٨) راپۆرت نەنوسراون کە دەبوایە بنوسرێن.

## دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان

لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە لە ئەیلولی ٢٠١٣، بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان لایەنە سیاسیەکان، لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٤/٤/٢٩ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردراو بەڕێز (یوسف محەمەد سادق) لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆڕان وەك سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا، وەك سەرۆکی پەرلەمان دەستبەکار بوو تا ئەو کاتەی لە ئابی ٢٠١٥ دا پرۆژە یاسای هەمواری سەرۆکایەتی هەرێم لەلایەن چوار لایەنەکەی (گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵ و یەکگرتوو)ەوە خرایە بەرنامەی کارەوەو گرژی ئەم چوار لایەنەی لەگەڵ (پارتی)دا لێکەوتەوە، دوابەدوای ئەوە بەبیانوی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکانەوە گوایە بزوتنەوەی گۆڕانی لەپشتەوەیە، لە ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/١٢ دا لە بازگەی پردێ ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کراو ڕێگەی نەدرا بچێتە هەولێرەوەو دەوامی پەرلەمان بکات، ئەوەبوو لەو ڕۆژە بەدواوە دەرگەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کڵۆم دراو سەردانی سەرۆکی پەرلەمان بۆ تەلاری پەرلەمان قەدەغە کرا، تا ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٥ بەمەبەستی پشتگیری کردنی پەرلەمان بۆ پرسی ریفراندۆم، پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجامدا بەبێ بەشداریکردنی سەرۆکی پەرلەمان. ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان بەردەوام بوو، تا لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٦ سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش بە پەرلەمان کرد.

بەپێی ئەوەی لە برگەی یەکەمی مادەی (١٦) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: " لەحاڵەتی پێشکەشکردنی یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی دەست لەکار کێشانەوە لە پێگەکەیان ئەوا پاش ڕەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ژمارەی دەنگی ئامادەبووان قبوڵ دەکرێت."، هەروەها لە برگەی دووەمی هەمان مادەدا هاتووە: " لەکاتی بەتاڵبوونی پێگەی سەرۆکی پەرلەمان یان جێگرەکەی یا سکرتێر لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوا پەرلەمان لەیەکەم دانیشتنی گرێدراوی دووای بەتاڵبوونەکەوە بەهەمان ڕێگەی دەقکراو لەم پەیڕەوەدا جێگرەوەیەکیان بۆ هەڵدەبژێردرێت".[1] بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەدووای دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمانەوە پەرلەمان (١٠) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە بەبێ ئەوەی دەستلەکارکێشانەوەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش پێشێلێکی ڕاستەوخۆی یاساو پەیرەوی ناوخۆیە.

سەیر ئەوەیە لەلایەن هێزە باڵا دەستەکانەوە سوکایەتی کردن بە یاساو دامودەزگا گشتیەکان بە ئاشکرا دەبینرێت، ئەوەتا بۆ نمونە زیاد لە دوو ساڵە ڕێگە نەدراوە سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە سەرکارەکەی و بەشداری و سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان بکات، کەچی بۆ چوار مانگ دەچێت نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش کردووە نە نامەکەی دەخەنە بەرنامەی کارەوەو نە پەسەندیشی دەکەن! ئەمە یەکێك لە پێشێلکارییە یاساییە زەقانەیە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر داخوازی حزبەکانیان دەیکەن و ئەندامانی پەرلەمانیش لەئاستیدا بێدەنگن.

---

(١)-مادەی (١٦)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان.

# یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان

پرۆژە (یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لەهەرێمی کوردستان)، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمان کرا، لە دانیشتنی ژمارە (٤) لە ٢٠١٨/١/١٠ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو ئاراستەی (٦) لیژنە کرا تا راپۆرتی لەسەر بنوسن، دوای نوسینەوەی راپۆرتی لیژنەکان و بە بوونی رای جیاوازیشیانەوە خرایە بەرنامەی کار و لە دانیشتنەکانی ژمارە (١٠، ١١، ١٢، ١٣)دا گفتوگۆی لەسەر کراو لە رۆژی (٢٠١٨/٢/٢٧)دا پەسەند کرا.

پەسەندکردنی ئەم یاسایە و لەلایەن خەڵکەوە بەربلاوترین باسوخواسی لێکەوتەوەو لەنیو میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشدا زۆرترین هێرش و پەلاماری پەرلەمان و پەرلەمانتاران درا و سوکایەتیان پێ کرا.

لێرەدا سەبارەت بەم یاسایەو رەوشی پەسەند کردنی چەند سەرنجێکی خێرا دەخەینە روو:

**یەکەم:** ئەم پرۆژە یاسایە پرۆژەیەکی گشتگیرە، بەڵام لەلایەن میدیاکانەوە بەتایبەت خانەنشینی پەرلەمانتارانی تیادا زەق کرایەوە، نە هیچ کەسێك لەوانە یاساکەیان خوێندۆتەوەو نە رەوشی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکەو گفتوگۆکانی ئەندامەکانیشیان بینیوە چونکە دانیشتنەکە داخراو بوو، بێگومان ناکرێت بەبێ ئاگاداربوون و بەڵگەش کەس تاوانبار بکرێت و تەشهیر و سوکایەتی بکرێت.

**دووەم:** ئەو پێشێلکاریانەی کە یاساکە راستیان دەکاتەوە زۆرینەیان حکومەت کردوویەتی و پێویستی بە یاسا نەبوو، بەڵکوو حکومەت دەبوایە خۆی بە بڕیار راستیان بکاتەوەو بڕیارە نایاساییەکانی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە سەرجەم بڕیارەکانی (بەرزکردنەوەی پلە باڵاکان بە نایاسایی، خانەنشینی پلەباڵاکان بەنایاسایی، بەخشینەوەی دەرماڵەکان بە ناعەدالەتی، بڕینەوەی موچە بۆ کوژراوانی جاش و کەسانی غەیرە پێشمەرگەو تێخزاندنیان بۆ نێو لیستی شەهیدان، ناوزەدکردنی خەڵکانی ناشایستە لە لیستی زیندانیانی سیاسی و پێدانی موچە پێیان)، و چەندان بابەتی تری لەم جۆرە کە لەدەرەوەی یاسادا کراون حکومەت ئەنجامی داون نەك پەرلەمان، هەڵوەشاندنەوەشیان لەدەسەڵاتی حکومەت بوو و هیچ پێویستی بە یاساو پەرلەمان نەبوو.

**سێیەم:** تاکە شتێك کە پەرلەمان دەبوایە بیکات لێپێچینەوەی حکومەت بوو لەسەر ئەو هەموو یاسا شکێنیەی کردبووی، نەك دەرکردنی یاسایەکی لەم بابەتە. لەگەڵ پێداچوونەوە بەو موچە باڵایانەی بە یاسا رێکخرابوون کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی تیادا رەچاو بکرێت.

**چوارەم:** ناردنی پرۆژە یاسایەکی لەم بابەتە لەم کات و ساتەدا لەلایەن حکومەتەوە، بۆ ئەوە بوو موزایەدەیەك بەسەر پەرلەمانتاراندا بکەن و لەنێو خەڵکیدا هەم پەرلەمانتاران بشکێننەوەو هەم پەرلەمانیش وەك دامەزراوەیەك بێ ئەرزش نیشان بدەن، تاکو لەپاڵیا ناهەقی و کارە نایاساییەکانی خۆیان بشارنەوەو ئەوراقەکان تێکەڵ بکەن و

هاوڕێی ناجۆر بۆخۆیان زیاد بکەن و خەڵکیش لە بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکان سارد بکەنەوە، تا بەئارەزووی خۆیان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا سندوقەکان لەبەرژەوەندی خۆیان پڕ بکەنەوەو درێژە بە دەسەڵاتیان بدەن.

**پێنجەم:** لە رابردوودا بەشێك لە لایەنە سیاسیەکان لەهەوڵی بێ ئەرزشکردنی ئەم دەزگا گرنگەدا درێغیان نەکردووە، هەر ئەوان بوون کە پەرلەمانتاریان بە (موراهیق) و (قاز) ناودەبرد، هەر ئەوان بوون پێیانوابوو یاسای سەرۆکایەتی کاری پەرلەمان نیەو دەبێت حزبەکان لەدەرەوە لەسەری رێك بکەون، هەر ئەوان بوون لەکۆبوونەوەکاندا پەنجەیان لەپەرلەمان و پەرلەمانتاران رادەوەشاند و پێیان دەوتن لێتان قبوڵ ناکەین، هەر ئەوان بوون بۆ ماوەی دوو ساڵ دەرگەی هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیان قوفڵدا، هەر ئەوان بوون ماوەی دوو ساڵ رێگریان لە سەرۆکی پەرلەمان کرد و ئێستاش کە بە خواستی خۆی نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەشکردووە قبوڵی ناکەن.

**شەشەم:** ئەگەر حکومەت لەم یاسایەدا مەبەستی چاکسازی و زیادکردنی داهاتە وەك بانگەشەی بۆ دەکات، داهات بەبڕینی تەنها ئەو بڕەپارە کەمە زیاد نابێت، بەڵکو پێویستە داهاتی نەوت و خاڵە سنوریەکان و داهاتی ناوخۆ شەفاف بکەن و هیچیتر نەیشارێتەوە کە مانگانە سەدان ملیۆن دۆلاریان دەست دەکەوێت، کەچی ناتوانن چارەکە موچەیەك بۆ فەرمانبەران دابین بکەن.

**حەوتەم:** لەگەڵ هەموو ئەو تێبینیانەشدا دەرکردنی ئەم یاسایە هەنگاوێکی سەرەتایی باش بوو، کە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا چڕی بکەینەوە:

١-دەستەبەر کردنی مافی مووچەخۆران لەو مووچەیەی لە ماوەی رابردوو بە نایاسایی و بە ناوی پاشەکەوت لێیان بڕدراوە، بەشێوەیەك کە بخرێتە سەر حیسابێکی بانکیی بۆیان.

٢ -کەمترین موچەی خانەنشینی لە سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت.

٣ -هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینیی پلەباڵاو تایبەتەکان کە بەفیعلی ئەم پۆستانەیان نەبینیوە.

٤ -راستکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینیی ئەو کەسانەی بەدەر لە یاسا یان بە پلەی بەرزتر لە پلەی شایستەی خۆیان خانەنشینکراون.

٥ -یەکخستنەوەی سەرجەم یەکەکانی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینان لەناو یەك بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینیی سەر بەوەزارەتی دارایی.

٦ -یەکخستنەوەی ژمێریاریی یەکەکانی حەفتاو هەشتا لەناو وەزارەتی پێشمەرگە.

٧ -پاککردنەوەی لیستی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و کەمئەندامانی سەنگەر لە کەسانی ناشایستە.

٨ - دەستنیشانکردنی ژمارەی پاسەوانی بارەگاو بەرپرسان و نەهێشتنی هەموو ئەو نادادی و بندیوارو بەهەدەردانەی لەم بوارە دەکرێت و یەکخستنەوەی یەکەکانی پاسەوانی لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ.

٩ -رێکخستنەوەی دەرماڵەکان.

١٠ -دروستکردنی سندوقی خانەنشینی و قەدەغەکردنی خەرجکردنی هەر بڕە پارەیەك لەم سندوقە.

که ئەمانە هەمووی لە خزمـەتی خـەڵکی کوردسـتاندا بـوون و داواو خواسـتی خـەڵك و ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵی مەدەنی بوون.

**هەشتەم:** ئەوەی تایبەت بوو بە موچەو خانەنشینی پەرلەمانتاران بابەتێکی تر بوو، لەبەر ئەوەی پەرلـەمان دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، پێویستی نەدەکرد لەگەڵ ئەم یاسایەدا تێکەڵ بکرێت، باشتر وابوو یاسای تایبـەتی موچەو خانەنشینی پەرلەمانتاران بەجیا هەموار بکرێتەوە یاخود لە هەمواری پەیرەوی نـاوخۆی پەرلەماندا جێی بکرێتەوە (کە ئێستا پەرلـەمان خـەریکی هەمواركردنەوەیـەتی) بەشـێوازێك کـە هـەم مـافی پەرلـەمانتارانی تیـادا پارێزراوبێت و هەم لەگڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتیشدا بگونجێت.

پێشتر بەپێی یاسا سەرجەم پەرلەمانتاران خانەنشین دەکران و هیچ ڕێگەیەکی تریشیان لەبەردەمدا نەبوو تا بگەڕێنەوە سەر پیشەی پێشویان، بەڵام بەپێی بڕگەیـەکی ئـەم یاسـایە خانەنشـینی ئـارەزوو مەندانـە بـوو، هـەر پەرلەمانتارێك رازی نەبوایە خانەنشـین بکرێـت ڕێگـەی لەبـەردەم بـوو کـە بگەڕێتـەوە سـەر پیشـەکەی پێشـتری، ئەمەش دەروازەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی ڕێگە لە موزایەدەکردنی ئەوانە بگرێت کە (خورمـژ)یان دەویسـت، جگـە لەمە ناهەقیەك بەرامبەر پەرلەمانتاران کرا گوایـە موچـەیان بۆخۆیـان زیـاد کـردووە، ئەمـە دوورە لـە راسـتیەوە، بەپێچەوانەوە کەمیان کردۆتەوە، بەر لە سیستەمی پاشەکەوت و کاتێك موچە لەکاتی خۆیدا دەدرا، بـەپێی یاسـا پەرلەمانتاری خانەنشین (٨٠٪)ی سەرجەم موچەو دەرماڵەکەی وەردەگرت، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە کەمکرایـەوە بۆ (٢٥٪ بۆ ٦٠٪)، هەرچەندە ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئەو بڕە پارەیە کەمە و زۆر نیە، بەڵام پێویستە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێن:

١-پەرلـەمانتاران دەکرێـت پـۆلێن بکـرێن، بـەر لـە کـاری پەرلـەمانتاری هەریەکـەو لـە شـوێنێك و لـە کـارو پیشەیەکەوە چوون بۆ پەرلەمان، دەکرێت دوای تەواو بوونی کاری پەرلەمانی بیرێك لە داهاتوو و ژیانیان بکرێتەوە کە جۆرێك عەدالەتی تیادابێت، نە غەدریان لێ بکرێت و نە ئیمتیازێکی ئەوەندە زۆریـش بێـت کـە ناعەدالـەتی لـێ بکەوێتەوە. ناکرێت پەرلەمانتارێك بیست بۆ سی ساڵ خزمەتی هەبێت دوای تەواو بوونی ماوەی پەرلەمانتاری وەك سزادانێك بنێردرێتەوە ماڵەوە، نە خانەنشین بکرێت و نە ڕێگەشی پێ بدرێت بگەڕێتەوە سەر پیشەکەی پێشووی.

٢-پێویستە ساڵانی خزمەت و بڕوانامەو تەمەن رەچاو بکرێت.

٣-پێویستە ستانداردێکی نێودەولەتی لەبەرچاو بگیرێت سـەبارەت بـە چارەنوسـی کەسـی پەرلـەمانتار دوای تەواو بوونی خولەکەی، جا گێڕانەوەی بۆ سەر کاری پێشووی بێت یاخود هەر شێوازێکی تری گونجاو.

**نۆیەم:** هەر بۆ زانیاری پەرلەمانتارانی خانەنشین ئێستا کە (مـانگی ئـازاری ٢٠١٨)یـە، هێشـتا نیـوە موچـەی مانگی ئازاری ساڵی رابردوو (٢٠١٧)یان وەرنەگرتووە. واتە نەك هیچ موچەیەکی ئەمساڵ (٢٠١٨) بـەڵکو لـە سـاڵی پاریش (٢٠١٧) تەنها دوو نیوە موچە، واتە لەماوەی یەك ساڵدا تـەنها یـەك موچـەی تـەواویان وەرگرتـووە، جگـە لەوەش وەك خانەنشینانی تر لەئێستادا بۆ سێ مانگ دەچێت موچەیان وەرنەگرتووە.

**دەیەم:** باشتر وابوو کەمترین موچەی خانەنشینان لە بری (٣٠٠٠٠٠) سێسەد هەزار دینار وەك لە یاسـای ژمـارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی عێراقی فیدراڵدا هاتووە کەمترین موچە بکرایە بە (٤٠٠٠٠٠) چوارسەد هەزار دینار، بەڵام لـەوە

گرنگتر ئەوەیە کە موچەکەیان مانگانە لەکاتی خۆیدا بدرێت لەگەڵ فەرمانبەرانی تردا (هەرچەندە موچەی فەرمانبەرانیش دوادەکەوێت).

**یانزە:** هەقە هاوڵاتیان هۆشیارترین و نەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو پلانانەی دەسەڵات دایڕشتووە، ئەوە حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکانن کە هەوڵی سوك کردنی پەرلەمان دەدەن، هەوڵی شکاندنی پەرلەمانتاران دەدەن، هەقە پەرلەمان وەك دەزگایەکی بەرز و پیرۆز لێی بڕوانرێت، هەوڵی دروستکردنی فشار بدرێت بۆسەر پەرلەمانتارەکان کە چاکی بکەن، ئەوە حزبەکانن هەریەکەیان بە جۆرێك پەرلەمانیان ئیفلیج کردووە، و جۆرەها کاری نایاسایی و پێشێلکاریان بەناویەوە کرد.

**دووانزە:** لە ئەنجامی ئەو فشارە جەماوەریە زۆرەی هەبوو، هەندێك لە فراکسیۆنەکان نارەزاییان دەربڕی و گوایە پێی رازی نین، لە رۆژی ٢٠١٨/٣/٤ سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری رەتکردنەوەو گێڕانەوەی یاساکەیدا بۆ پەرلەمان بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوەی.

**سیانزە** : سەرۆکایەتی پەرلەمان لە یەك رۆژدا دوو بڕیاری پێچەوانەی دەرکردووە کە هەردوو بڕیار بە یەك ژمارەو یەك مێژوو دەرچوون کە هەردووکیان ژمارە (١) و هەردووکیان مێژووی رۆژی (٢٠١٨/٣/٤)یان بەسەرەوەیە و هەردووکیان (جێگر) و (سکرتێر) ی پەرلەمان ئیمزایان کردووە، هەردووکیان لە ماڵپەڕی فەرمیی پەرلەماندا بڵاوکراونەتەوە، لەیەکێکیاندا هەموو یاساکە رەت کراوەتەوەو لەوەی تریاندا تەنها چەند برگەیەك رەت کراوەتەوە، لێرەدا نازانرێت ئاخۆ کامەی راستەو کامەی کاری پێدەکرێت، ئەمەش بێسەروبەرەیی و نەشارەزایی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەردەخات.[1]

**چواردە:** نارەزاییەکان بەرامبەر بەم یاسایەو ڕەت کردنەوەی نەك نەبۆتە مایەی کەمکردنەوەی موچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران بەڵکو بەپێچەوانەوە یاساکۆنەکە وەك خۆی مایەوە کە دوو بەقەد ئەوە زیاترە.

**پانزە:** باس لەوە دەکرێت کە موچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران وەك پەرلەمانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ ی عێراقی فیدراڵی لێبێت، ئەگەر وابێت موچەکە زیاتر دەبێت لەو برە موچەیەی کە لەم یاسایەدا هاتبوو کە رەت کرایەوە.

**شانزە:** باشتر وایە ئەو یاسایە کە گەڕاوەتەوە لەساتی هەموار کردنەوەیدا جۆرێك لە عەدالەتی تیادابێت، ئەگەر بڕیارە موچەی پەرلەمانتارانی خانەنشین بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی عێراق رێکبخرێت، ئەوە پێویستە موچەی سەرجەم خانەنشینانی تریش لەگەڵ خانەنشینانی عێراق بەپێی هەمان یاسا هاوتا بکرێن و موچەکانیان زیاد بکرێت.

---

(١)–بڕوانە پاشکۆکانی ژمارە (٨) و (٩) و (١٠).

# پێشێلکارییەکانی پەیڕەوی ناخۆ لە پەرلەماندا

١-لە زۆرینەی کۆبوونەوەکاندا پێشێلی پەیرەو کراوە.

٢-سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش کردووە بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوی ناوخۆیە.

٣-زۆرینەی کۆبونەوەکانی پەرلەمان بەرنامەی کار رانەگەیەنراوە، یاخود ئەگەر راشگەیەنرابێت بەماوەیەکی کەم بەر لە کۆبوونەوەکان ئەندامان بە فەرمی ئاگادار کراونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پەیرەو دەبێت (٤٨) کاتژمێر بەر لە کۆبوونەوەکە ئەندامان لە بەرنامەی کار ئاگادار بکرێنەوە.

٤-بەشی زۆریی کۆبوونەوەکان کران بە داخراو، دوور لە چاوی راگەیاندن و جەماوەری کوردستان، بەبێ ئەوەی هیچ بابەتێکی هەستیاریش هەبێت کە بەپێی پەیرەو شایەنی ئەوەبێت بڕیاری داخستنی کۆبوونەوەکە بدرێت.

٥-ئەو پەرلەمانتارانەی دەوام ناکەن و بەشداری کۆبوونەوەکانیشیان نەکردووە، لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ ئیجرائاتێکیان بەرامبەر نەکراوە.

٦-هەر خولێکی گرێدان پێویستی بەوەیە ناوێکی هەبێت، جا (پایزە) یا (بەهارە) بێت، بەڵام ئەوە سێ خولی گرێدانە بەدوای یەکەوە ناویان (پاییزە)یە.

٧-ئەم خولەی ئێستا دەبوایە لە (٢٠١٧/١١/٦)وە دەست پێ بکات، بەڵام درێژەی خولەکەی پێشوو دووا کۆبوونەوەی کە کۆبوونەوەی ژمارە (٥) بوو لە (٢٠١٧/١١/١٥) ئەنجامدراوە و یەکەم کۆبوونەوەی ئەم خولەی ئێستا بەناوی کۆبوونەوەی ژمارە (٢)وە لە (٢٠١٧/١٢/٦) کراوە، واتە کۆبوونەوەی ژمارە (١) دیار نیەو ونە!

٨-لە کۆی (٩٧) بڕگەی بەرنامەی کاری کە لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکاندا هاتووە، (٣٤) بڕگە جێبەجێ کراوەو (٦٣) بڕگەش لە دانیشتنەکاندا دواخراون. ئەمەش بێ بەرنامەیی و بێسەروبەرەیی سەرۆکایەتی دەگەیەنێت.

٩-هەندێك پەرلەمانتار لە لیژنەکانیان دەستیان لەکار کێشاوەتەوە بەبێ ئەوەی جێگەکانیان پڕبکرێتەوە.

١٠-ئەو لیژنانەی گۆڕانکاریشیان تیادا کراوە، ناوی ئەندامەکانی لەسەر وێب سایتی پەرلەمان دانەنراوە.

١١-ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە تازە چوونەتە پەرلەمانەوە ناویان لەسەر لیستی فراکسیۆنەکانیان دانەنراوە لە وێب سایتەکەدا.

## خشتەی (١)

## پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا

## (٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ تا ٦ ی ئازاری ٢٠١٨)

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراون | ١٣ |
| | ژمارەی کۆبوونەوەی دواخراو | ٣ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٩٧ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/جێبەجێکراو | ٣٤ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٦٣ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە خولی پاییزەی ساڵی ٢٠١٨ | ٢٨ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٦ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٠ |
| ٨ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٠ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان بەڵام ئامادە نەبوون | ١ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٢ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ١١٠ |
| ١٤ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لە خولی پاییزەی ساڵی ٢٠١٨ | ٠ |
| ١٥ | ژمارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | ٣٠٨ |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٠ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٠ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ٠ |

## ئه نجام

١–له (٢٠١٧/٩/١٥) پەرلەمان کۆبوونەوەکانی دەست پێکردەوە، بەڵام تا ئێستاش وەك کاری پەرلەمانیی بەکردار کارا نەبۆتەوە.

٢–پەیامی هیچ کام له حزبه سیاسیەکان لەگەڵ کردارەکانیاندا وێك نایەتەوە.

٣– جێبەجێ نەکردنی یاساو بڕیار و راسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە.

٤–رۆڵی پەرلەمان له گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا لەبەرچاو ناگیرێت و له رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە.

٥– له ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا تەنها (١٣) دانیشتنی پەرلەمان کراوە. کە ئەمەش لەگەڵ کاری پەرلەمانیدا ناگونجێت و له زۆرینەی دانیشتنەکانیشدا پێشێلی پەیرەو کراوە.

٦–زۆرینەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەرنامەی کار رانەگەیەنراوە.

٧–بەشی زۆریی کۆبوونەوەکان کران به داخراو، دوور له چاوی راگەیاندن و جەماوەری کوردستان، بەبێ ئەوەی هیچ بابەتێکی هەستیاریش هەبێت کە بەپێی پەیرەو شایەنی ئەوەبێت بڕیاری داخستنی کۆبوونەوەکە بدرێت، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی دابڕانێك لەنێوان خەڵك و پەرلەماندا هەبێت و خەڵك بەچاوی گومانەوە له پەرلەمان بڕوانن.

٨– خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، کە زیاد له چوار ساڵ دەبێت، تەنها (٣٠) یاسا و (٧) بڕیاری دەرکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١٩٠) پرۆژە یاسا کراوە.

٩–لەم خولی گرێدانەدا (٦) یاسای عیراقی فیدرال وەك پرۆژە یاسا خوێندنەوەی بۆ کرا تا بەرکار بکرێت و له هەرێمدا جێبەجێ بکرێت، ئەمەش نەنگیە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە پێویستە یاسای خۆی هەبێت نەك یاساکانی عیراق بەرکار بکات.

١٠– تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوە سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بکات و وردەکاریی گرێبەستەکانی نەخراوەتە بەردەست.[1] هەرچەندە پەرلەمان

[1] له مادەی (٤٢) له پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١– لیژنه بەردەوامەکان مافیان هەیە لەڕێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا له فەرمانگەی فەرمی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشکەشیان بکرێت.

(یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان) پەسەند کرد، بەڵام حکومەت بێ ئەوەی گوێ لەپەرلەمان بگرێت بە ئارەزووی خۆی دوور لە یاسا هەنگاوی ناوە.

١١- لیژنەکانی پەرلەمان لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا سەرباری ئەوەی زۆرترین کۆبوونەوەیان کردووە. بەڵام نە هیچ بەدواداچوونێکی ئەوتۆیان بۆ کارەکانی حکومەت کردووەو نە راپۆرتیشیان لەسەر پرۆژەیاساکان نەنوسیوەو نە بە ئەرکی خۆیان هەڵساون.

١٢- تا ئێستا لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەك پێویست بە ئەدای کاری خۆیان لە چاودێری حکومەت هەڵنەساون و بەدواداچوونی پێویستیان بۆ ئەو پرۆژانە نەکردووە کە بودجەیان بۆ دابینکرابوو لە ساڵانی رابردوو و تا ئێستاش بەردەوامن، هەرچەندە پێویستە دیوانی چاودێرییش بەدواداچوون بکات.

١٣- هیچ وەزیرێك بەمەبەستی لێپێچینەوە بانگهێشتی پەرلەمان نەکراوە.[1]

١٤- لە کۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون کە بە تێکڕای پرۆژەکان لای سەرجەم لیژنەکان، (٤٤٥) پرۆژەن کە پێویستە لیژنەکان راپۆرتیان لەسەر بنوسن، بەڵام تەنها (١٣٧) راپۆرت لە لایەن کۆی لیژنەکانەوە نوسراون. واتە (٣٠٨) راپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە.[2]

١٥- دەستەی (مافی مرۆڤ) لە (٢٠١٧/١/١٧)ەوە دەستەی (دەستپاکی) لە (٢٠١٧/٥/١٣)ەوە ماوەی سەرۆکەکانیان بەسەر چووە، کە لەم خولەدا دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەرییان بۆ بکرێت، بەڵام هیچ رێو شوێنێك نەگیراوەتەبەر و ئەمەش پێشێلی یاساکانە.

١٦-سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش کردووە بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە کە ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوی ناوخۆیە.

---

٢- ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسکراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنە بەردەوامەکان ئەو کاتە لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو لە حالەتی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەکە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

[1] لەمادەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١- هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرساندنەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستە دەکات.

٢- سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەیەنێتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

[2] لە برگەی (٤) لە مادەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە:راپۆرتێکی هاوبەش لەهەردوو لیژنەکەوە بەرز دەکرێتەوە دووای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای (١٠) رۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێنەکرێ کە بەشێوەیەکی بەپەلە سەیری بکەن، لەوکاتەشدا لەماوەی (٥) رۆژدا پێشکەش دەکرێ.

١٧–ئەو ئەندام پەرلەمانانەی تازە چوونەتە پەرلەمانەوە ناویان لەسەر لیستی فراکسیۆنەکانیان دانەنراوە لە سایتەکەدا.

١٨–هەندێك ئەندامی پەرلەمان دەوام ناکەن بە بێ ئەوەی هیچ ئیجرائاتێك کرابێت بەرامبەریان.

١٩– رۆژی ٢٠١٧/١٢/١٩ لەناو خۆپیشاندەرانی شاری سلێمانی هێزەکانی ئاسایش، پەرلەمانتار (ڕابون مەعروف)یان دەستگیرکرد.

٢٠–هەر خولێکی گرێدان پێویستی بەوەیە ناوێکی هەبێت، جا (پایزە) یا (بەهارە) بێت، بەلام ئەوە سێ خولی گرێدانە بەدوای یەکەوە ناویان (پاییزە)یە.

٢١–بێسەروبەرەیی بە کۆبوونەوەکانەوە دیارە، وەك: ناوی خولەکان و کاتەکانیان دیار نیە، ژمارەی کۆبوونەوەکان تێکەڵن، لە زۆرینەی کۆبوونەکاندا ئالوگۆڕی بەرنامەی کار کراوە، لەنێو کۆبوونەوەدا بڕگە بۆ بەرنامەی کار زیاد کراوە، ئەمەش نیشانەی لاوازی و نەشارەزایی دەستەی سەرۆکایەتی دەگەیەنێ.

٢٢–بەپێی بڕگەی (٣)ی مادەی یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ی (یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم). دەسەڵاتی ئیمزاکردنی یاساکان دراوە بە (سەرۆکایەتی پەرلەمان)، واتە هەر سێ ئەندام (سەرۆك و جێگر و سکرتێر) بەڵام هیچ کام لە یاساکان کە دەرچوون ئیمزای (سەرۆك)یان بەسەرەوە نیە.

٢٣–یەکێك لەو گرفتانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دانیشتنەکاندا بۆخۆی و پەرلەمانی خولقاندووەو گومانی لەدڵی هاولاتیان دروستکردووە لەسەر خۆی ئەوەیە بەبێ هۆکار بەشێك لە دانیشتنەکان بە داخراوی ئەنجامدەدات.

## راسپاردەکان

١-بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجام بدرێت پێویستە پەرلەمان کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان و حکومەت مولزەم بکات لە زووترین کاتدا تۆمارێکی پاك و بیّ خەوش ئامادە بکەن.

٢-بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، پێویستە پەرلەمان سەرۆکی حکومەت مولزەم بکات لە زووترین کاتدا وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەستنیشان بکات.

٣-بۆ ئەوەی کۆمسیۆن بە ئەرکی یاسایی خۆی هەلسێت و ئامادەکارییەکانی هەلبژاردن لە کاتی خۆیدا بکات، پێویستە پەرلەمان حکومەت ناچار بکات لە زووترین کاتدا بودجەی خەملێنراوی پێویست بۆ هەڵبژاردن دابن بکات.

٤-پێویستە لە زووترین کاتدا پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەی بەرێز (د.یوسف محمد) سەرۆکی پەرلەمان بخاتە بەرنامەی کارەوەو دەنگی لەسەر بدرێت.

٥-پەرلەمان بەپێی پەیڕەو ئیجرائاتی پێویست لەگەڵ ئەو ئەندامانەدا بکات کە بەشداری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ناکەن.

٦-ئەو پێشێلکارییانەی لەپەیرەودا کراون لەکاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکاندا سەرۆکایەتی پەرلەمان کردوونی یاخود سەرۆکایەتی لێیان بەرپرسیارە دووبارە نەبنەوە.

٧-پەرلەمان هەڵوێستی روونی هەبێت دەرهەق بە برینی موچەی فەرمانبەران و پێنەدانی چارەکە موچەکەش لە کاتی خۆیدا کە حکومەت بەردەوامە لەو پێشێلکارییە.

٨-پەرلەمان حکومەت ئیلزام بکات کە کۆی داهاتی هەرێم ئاشکرا بکات.

٩-پەرلەمان هەڵوێستی راشکاوانەی خۆی رابگەیەنێت دەرهەق بەو هەموو یاساشکێنیەی دەسەلاتی جێبەجێکردن دەیانکات.

## پاشكۆ (١)

## پوختەی كاری پەرلەمان لە لە سەرەتای دەست بەكار بوونیەوە تا ئێستا

(٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/٣/٦)

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەكانی پەرلەمان | ٨٩ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی كار | ٣١٦ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی كار/ جێبەجێكراو | ١٧٠ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی كار/ جێبەجێ نەكراو | ١٤٦ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە لەسەرەتای دەستبەكار بوونی پەرلەمانەوە | ١٩٠ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند كراو | ٣٠ |
| ٧ | ژمارەی بڕیاری پەسەند كراو | ٧ |
| ٨ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران كە لەلایەن ئەندامانەوە داواكراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٣٣ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ١٣ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران كە لەلایەن ئەندامانەوە داواكرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان، بەڵام ئامادە نەبوون | ٢٠ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٢ |
| ١٢ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی كۆبوونەوەی لیژنەكان | ٥٢٥ |
| ١٤ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەكان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لەسەرەتای دەست بەكار بوونی پەرلەمانەوە تا ئێستا | ١٣٧ |
| ١٥ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەكان لەسەر پرۆژە یاسا كە نەنوسراوە | ٣٠٨ |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان كە ئاراستەی حكومەت كراوە | ٤٤٣ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان كە وەڵامدراوەتەوە | ٣١١ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان كە وەڵام نەدراوەتەوە | ١٣٢ |
| ١٩ | ژمارەی ئامادە نەبوونی ئەندامان لە كۆبوونەوەكان<br>(لە كۆبوونەوەكانی ئەم دوواییانەدا ڕێژەی غیاباتی ئەندامانمان دەست نەكەوتووە بۆیە هەر ژمارە كۆنەكەیە) | ٩٧٠ |

## پاشکۆی (٢)

## وتاری دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان د. یوسف محەمەد صادق

هاونیشتیمانیانی ئازیز

لای هەموتان ئاشکرایە کە ئێستا کوردستان لە دۆخێکی ئێجگار سەختدایدایە. خەڵکی ژیانێکی سەخت و پڕ لە ناخۆشی دەژین.. ئەرکی دەسەڵاتی سیاسیە کە ژیانێکی باش دابینبکات، نەك خۆی ببێتە سەرچاوەی سەختکردنی ژیانی خەڵك. تەنانەت ئەمڕۆ دەسەڵا تی سیاسیی کوردستان بە ئاراستەی دژایەتیی خەڵکدا دەڕوات. ئەم ئاراستەیە دەبێت ڕێگری لێبکرێت نەك پشتیوانی.

ئامانجی ئێمە لەیەکەم ڕۆژی وەرگرتنی شەرەفی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە هەتا ئەمڕۆ ئەوە بووە کە چۆن وابکەین دەسەلات لە خەڵکەوە بێت و بۆ خەڵك بێت. ئەمڕۆ کەبڕیاری دەست لەکارکێشانەوەمان دەدەین لە پێناوی هەمان ئامانجدایەو پەیمانیش دەدەین کە لە داهاتووشدا لەسەر هەمان ئامانج و ڕێگا بەردەوام دەبین .

شاراوە نیە کە ماوەی ئەم خولەی پەرلەمان ڕێك دابەشبوو بەسەر دوو قۆناغدا، قۆناغێکیان دەکرێت بوترێت ئاسایی، بەڵام قۆناغی کۆتایی نائاسایی لەهەموو ڕوویەکەوە. دەتوانین هەروەها بە قۆناغی پێش کودەتا و پاش کودەتا ناوینبنین. کودەتا بە مانای بەکارهێنانی هیزە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسیی ناشەرعی، ئەمڕۆ هەمان بەکارهێنانی هێز دەبینین بۆ هەمان ئامانجی ناشەرعی. بەداخەوە وەها دەردەکەوێت دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان بەهیچ شێوەیەك سڵناکەنەوە لە پەنابردن بۆ چەك و تۆقاندن و توندوتیژی بۆ مانەوەی خۆیان.

هەر دەسەڵاتێکی سیاسی تەندروست لە دونیادا، دەبێت ملکەچ بێت لەئاست خواستەکانی خەڵکدا و مکوڕ بێت لەسەر خواستەکانی لە بەرامبەر نەیارەکانی گەلەکەی. بەلاّم وادیارە دەسەڵاتی کوردی بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە: ملکەچ بۆ ئەوانی ترو سەرسەخت و توندوتیژ بەرامبەر خەڵکی سیڤیلی کوردستان، ڕێك وەك پەندە کوردیەکە: (شێری ماڵەوە و ڕێویی دەرەوە).

کودەتا بەسەر پەرلەماندا سەرەتای دیاردەی گوێ پێنەدان و بێباکی بوو بۆ هەر بەهایەکی سەردەم و خواستی خەڵکی ویاسا و شەرعیەت. پاشان سەرکێشیی ریفراندۆمیشی بەدوادا هات، کە درێژەپێدانی هەمان ڕەفتار و ئەخلاق و ئاگایی بوو. ئەمڕۆش، سوربوون لەسەر درێژەدان بە حکومڕانییەکی شکستخواردوی دژەخەڵك قۆناغی سێیەمی ئەم ڕەفتارە سیاسییەیە.

خەڵك، کوردستانیان خۆشدەوێت، لەپێناویدا دەمرن، برسێتی و ئازار دەچێژن، دان بەخۆیاندا دەگرن. بەلاّم دەسەڵاتداران ئەوە بەخەڵکی کوردستان ڕەوانابینن کە بەشێك بن لەخاوەندارێتیی کوردستان. ئەمە تەنها لەڕێگای سیستەمێکی سیاسیەوە دێتە دی کە دابەشکردنێکی دادپەروەرانە بۆ دەرفەت و سامان و کارو پلەو پایە دێنێتە ئاراوە. ئەمڕۆ لە بری دابەشکردنێکی دادپەروەرانە ئێمە قۆرخکاریی سیاسی وئابوری و خاك وسامان و هەموو بوارەکانمان هەیە.

بەڕێزان،

هەرێمی کوردستان پێکهاتوە لە هێز و پارتی سیاسی و دیدی جیاواز، هەموو ئەم دید و پێکهاتە سیاسیە جیاوازانەش بەشێکی سروشتی و گرنگن لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانی. تەنها چوارچیوەیەکیش کە بتوانرێ لە ناویدا ئەم جیاوازیانە بپارێزرێت پەرلەمانە، کە تیایدا ئەم جیاوازیانە ببن بە سەرچاوەی هێز بۆ کۆمەڵگەی کوردستان.

بە درێژایی ئەو کاتەی کە تیایدا ئێمە ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کەوتبووە سەر شان،کرۆکی ئامانجی ئێمە سیستەمی پەرلەمانیی تەندروست و پەرلەمانێکی چالاك بوو وە هەر چییەکیشمان پێکرابێ بەبێ درێغی ئەنجامماندا لە پێناو گەیشتن بەم

ئامانجە. بە پێچەوانەشەوە، پەرلەمانێکی لاواز و پاشکۆ و ناکاریگەر، دیاردەیەکی ترسناکە بۆ ژیانی سیاسیی ئێمە و نوێنەرایەتی کردنی خەڵك و پێگەی خەڵك لەناو کایەی سیاسیدا. هەر لەبەر ئەوەش پەرلەمانێکی پاشکۆ و بێ کاریگەری هیچ کاتێك بژاردەی ئێمە نەبووە و، وەکو کاری پەرلەمانیش بۆ ئێمە قەبوڵکراو نەبووە.

باوەڕ و پەیامی نەگۆڕی ئێمە بەردەوام ئەوە بووە کە پەرلەمان ئەو سیستم و جێگایەیە کە هەمووان بە هەموو جیاوازیەکانیانەوە دەتوانن تیایدا ئامادەبن و لەگەڵ یەکتردا لە پێناو گەیشتن بە بەرژەوەندیی هاوبەش گفتوگۆ بکەن، گوێ لە یەکتر بگرن و رێز لە بۆچوونی یەکتری بگرن. بۆیە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی ئێمە، کە هێشتا لە سەرەتاکانی بونیادنانی سیستەمدایە، پەرلەمان گرنگترین دەزگایە.

هەر لەسەر ئەم باوەڕەش، پەرلەمان بەدیلی حوکمی شەخسە، بەدیلی حوکمی دەستەبژێرێکی بەرتەسکە وە هەروەها پەرلەمان مۆدێلی حوکمی یاسا و سەروەریی یاسایە.

کوردستانیانی ئازیز،

ئێمە لە دوو ساڵی یەکەمی خولی چوارەم، بەم دیدەوە کارمان کرد. بە هاوکاریی پەرلەمانتاران هەوڵماندا پەرلەمان بگەڕێنینەوە شوێن و رێچکە راستەقینەکەی خۆی، کە پێگەی نوێنەرایەتی کردنی خەڵك و، بەرگری کردنە لە ماف و بەرژەوەندیەکانیان لە بەرامبەر دەسەلاتی ئەمری واقیع لە کوردستان. پێکەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی بەتایبەت لەگەڵ بەڕێز فەخرەدین قادر سکرتێری پێشوی پەرلەمان و هاوئاهەنگ لەگەڵ بەشێکی زۆری فراکسیۆن و پەرلەمانتاران، کارمان کرد بۆ سەروەریی یاسا و وەستانەوە دژ بە گەندەڵی و، راشکاوانەش خستنە ژێر پرسیاری دەسەلاتی جێبەجێکار لە کوردستان. لەو ماوەیەدا سەرەڕای کەمیی ئەو یاسایانەی دەرچوێندراون، بەلام ئەمانە یاساگەلێکی چۆنایەتی و گرنگ بوون. هەوڵماندا لە ویژدانی نەتەوەیی گەلەکەمان و ئازار

و کێشە و خۆشیەکانی نزیك بین. شەنگال و کۆبانێ گەواهی ئەم راستیەن. دەرگای پەرلەمانمان کردەوە بە رووی کوردانی هەر چوار پارچە و رەوەندی کوردستانی و ئەو هێزە سیاسیانەی نوێنەرایەتییان دەکەن. لەو ماوەیەدا پەرلەمان دەستیبرد بۆ کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگ و هەستیار کە پێشتر دەستبردن بۆیان ئەستەم بوو، بەڵکو تەنانەت مومکینیش نەبوو. نەچوینە ژێر باری هیچ فشار و ئیرادەیەکی نایاسایی بۆ بەلاڕێدابردنی کاری پەرلەمانی. هەر بۆیەش پەرلەمان پەکخرا. لەم بارەیەوە قسە زۆرە بۆ کردن، کە دەکرێ لە دەرفەتی تردا بکرێن.

بەڕێزان،

پاش کودەتاش بەسەر پەرلەماندا لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، هەوڵی سەرەکیمان دیسان بۆ ئەوەبوو کە چۆن پەرلەمان، وەك دەزگایەك و وەك قەزیەیەکی هەرە گرنگ لە سیستەمی دیموکراتیدا، پەراوێزنەخرێت و بێ بەهاو بێ نرخ نەکرێت. لەم پێناوەشدا بەردەوام بووین لە کاری پەیوەندی دروستکردن، لە کاری دیپلۆماسی و لە خەباتی دروستکردنی دۆست و تۆڕی بەرفراوان لە پێناو ناساندنی پرسی پەرلەمان و پرسی سیستمی دیمۆکراتی راستەقینە.

لە دوو ساڵی ڕابردودا بەبێ حەسانەوە خەمی پەرلەمان و خەمەکانی تری گەلەکەمان وەك جێنۆسایدی خوشك و برایانی ئێزیدیمان لە گەڵ خۆماندا هەڵگرت بۆ زۆر شوێنی دونیا، بە تایبەتی ولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا. زۆر خەڵکی دیموکراتخواز و مافدۆست لە دونیادا هاوڕا و هاوخەممان بوون لە مەسەلەی پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان. بێگومان گەیاندنی ئەم خەم و پەیامەش بە جیهانی دەرەوە، لە سۆنگەی بڕوای قوڵمانەوە بوو کە پەرلەمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرەوپێشبردنی دۆخی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردی و جێگیرکردنی سیستمی دامەزراو لەسەر بنەمای رەوایەتیی دیمۆکراسی. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە زۆر سوپاسی ڕەوەندی کوردستانی لە ئەوروپا بکەم کە زۆر هاوکارمان بون لەم هەڵمەتە دیبلۆماسیە چڕەدا.

ئێمە شانازی دەکەین کە پەرلەمانمان کردە چەقی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام کە پەکیشخرا ئەو کاتە ئەم پەکخستنەمان کردە پرسێکی هەرێمی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی. بە تایبەتی شانازی بەوەشەوە دەکەین کە هەموو هەوڵێکمان دا تا پەرلەمان بکەینە دەزگایەك کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بوون و ئامادەیی هەبێت، بەشێکیش لەم هەوڵە لە دیپلۆماسیی پەرلەمانی و دیپلۆماسیی خەلك دا خۆی دەبینییەوە. دەنگدانەوەی داخستنی پەرلەمانیش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەڵگەی ڕاستی کارکردنی ئێمە بووە.

ئەوە شاردراوە نیە کە پەرلەمان و سیستمی سیاسی لە هەندێك لە وڵاتانی جیهان بە قەیراندا گوزەریان کردووە، زۆر جار لە لایەن ئەوانەی کە لە دەسەلات و نوێنەرایەتی و دەنگی خەلك دەترسن ڕێگرییان لێکراوە، بەڵام سەرئەنجام، سەرباری قەیران و کێشە، سەرکەوتن هەر بۆ ئیرادەی خەلك بوە. ئێمە ئەمرۆ کە بڕیاری دەست لە کارکێشانەوەمان دەدەین، بەڵێن دەدەین لەگەڵ هاوڕێکانمان بە بەردەوامیدان بە خەباتی پەرلەمانی لە ڕێگای بوون بە ئۆپۆزسیون. هەر وەك چۆن پێشتریش بڕوامان وابوو کە ئۆپۆزسیون بڕبڕەی پشتی هەموو پەرلەمانێکی شەرعیی سەرکەوتوو و سیستمی دیمۆکراتیی ڕاستەقینەیە، ئێستاش ئەم باوەڕەمان نەگۆڕە.

پەرلەمان ئەمرۆ بە قۆناغێکی زۆر مەترسیداردا دەڕوات، چونکە پەرلەمان گەڕێنراوەتەوە بۆ ڕۆژگارێك کە هیچ پێگە و ڕۆڵ و کاریگەرییەکی نەبوو و پاشکۆی تاقم و کەس و دەستەبژێر بوو. بەکارخستەوەی پەرلەمان بەم جۆرە، نیشانەیەکی زەقی خواستە بۆ دەستەمۆکردنی پەرلەمان، بۆ کردنی پەرلەمان بە دەزگایەك کە وەك دەزگاکانی سیستەمی دیکتاتۆری کار و چالاکییەکانی بەڕێوە ببات!

لە ڕاستیدا کاراکردنەوەی پەرلەمان بەو شێوەیەی کە کرا، بوە هۆی ئەوەی ئەم دامەزراوەیە بەکاربرێت بۆ تێپەڕاندنی خواستی تاکەکەسی و حیزبیی ریفراندۆم، ڕێفراندۆمێك کە بە هەرەسێکی بێ وێنە تەواو بوو. لەگەڵ ئەوەش کە لە دوا ساتەکان، بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، دەرفەتێکی زێڕین و مێژوویی درا بە کورد لە ڕێگای ڕەشنوسی نامەکەی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بە بڕوای ئێمە دەکرێ بڵێین ئەم نامەیە بەڵگەنامەی سەدە بوو، بەڵام دیسان ئەم دەرفەتە مێژووییەیەش لەدەست درا.

ئێستا دوای هەرەس و کارەسەی ١٦ی ئۆکتۆبەر و لەدەستدانی، نیوەی خاکی کوردستان و قوڵبوونەوەی قەیران و کێشە ئابووری و سیاسییەکانی هەرێم، هیچ بژاردەیەك لەبەردەم حکومەتی شکستخواردووی هەرێمدا نەماوە جگە لە هەر چی زووترە ڕاگەیاندنی شکستی خۆی و وازهێنان. وەك ئاشکراشە ئەمە ئەمرۆ بووە بە داخوازیی بەرفراوانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان. ئەم پەیامەی خەلك بە روونی لە ڕۆژانی دواییدا گەیشت لە ڕێگای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان. ئێمەش لە لای خۆمانەوە وەك سەرۆکی پەرلەمان بە ئەرکی خۆمان زانی کە پشتگیری لەم خۆپیشاندانانە و داوا ڕەواکانیان بکەین، وەك مافێکی ڕەوای خەلکی کوردستان. هەر لێرەشەوە جارێکی تر سەرەخۆشیی خۆم بۆ کەسوکاری قوربانیانی خۆپیشاندانەکان دەردەبڕم و، بە پێویستی دەزانین سەرجەم دەستگیرکراوانیش ئازاد بکرێن.

ئێستا دوای ئەم هەموو داڕمان و قەیرانە قوڵ و فراوانانە، بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە بڵێم هەرێمی کوردستان هەڕەشە و مەترسییەکانی جێنەهێشتوون، بەڵکو بەردەوامیدان بەم دەسەڵاتە شکستخواردووە مەترسیی گەورەتریشمان دێنێتەپێش. کەواتە هەر چرکە ساتێك دواکەوتنی هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێم دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەوەی لەدەستیشدا ماوە لەدەست بچێت. ڕێگری لەم هەڵدێرە هەر ئێستا و بێ دواکەوتن بەرپرسیاریی هەموو هێزە دڵسۆز و هاونیشتمانییە خەمخۆرەکانی هەرێمەکەمانە بە دروست کردنی بەرەیەکی بەرفراوانی ڕزگاریی نیشتیمانی. ئەمرۆ کاتی هیممەتە، بەڵام دەکرێ

سبەینێ زۆر درەنگ بکەوین. بە سەربازگە کردنی شار و شارۆچکەکانی هەرێم و سەپاندنی حوکمی عورفیی حیزبی، نەك تەنها کارێکی نا دەستوری و نایاساییە، بەڵکو چارەسەری گرفتەکانیش ناکات و، هێندەی تر خەڵك تورە و نائومێد دەکات.

بەڕێزان،

لەوپەڕی حەز و باوەڕمانەوە خوازیار بووین کە بگەڕێینەوە بۆ پەرلەمان و لەگەڵ پەرلەمانتاران بەردەوام بین لەسەر ئەو ڕێچکەیەی بەر لە نزیکەی چوار ساڵ دەستمان پێکرد. بەڵام ئەو دانیشتنانەی لە دوای ٢٠١٧/٩/١٥ەوە ئەنجام دران، دەرخەری ئەوەن کە بە مەرجی تەسلیم بون بە دەسەڵاتی ئەمری واقیع لە کوردستان و بە دەستەمۆیی، دەرگاکانی پەرلەمان کراونەتەوە. پەرلەمانێکی ئاواش دڵخوازی ئێمە نیە و باوەڕیشمان بە پەرلەمانێکی لەو جۆرە نییە.

بەڵام داوا لە پەرلەمانتارانی ئازیزی هاوڕێم دەکەم، بەبێ ڕەچاو کردنی ئەو ئیرادەیەی سەپێنراوە بەسەر پەرلەماندا، هەروەك ڕابردو بەردەوام بن لە پێداگرییان لەسەر نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندیە گشتیەکان و تەسلیم نەبون بە ئیرادەی خاوەن بەرژەوەندیە تایبەتەکان. دواجار، داوای لێبوردن لەهەر کەموکورتی و کارێکی نەگونجاو دەکەم کە بەرامبەر بە ئێوەی بەڕێز بەبێ مەبەست ئەنجاممان دابێت.

هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی بێ پایانی خۆم ئاراستەی میدیای ئازا و ئازاد و، میدیاکاران بکەم، کە پشتیوان و ڕێنیشاندەر و هاوکارمان بون.

ئێستا ئیتر لە دوای ئەم ماوەیەی بەرپرسیارێتیم وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە ویژدانێکی ئارام و ئاسودەوە، خۆم بەسەربەرز دەزانم، لەئاست خوای گەورە و هاوڵاتیانی کوردستان و دەنگدەران و بزوتنەوەکەم و بەتایبەتیش بەرامبەر بە ڕۆحی پاکی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا کە متمانەی پێکردین، خیانەتم لە متمانە و دەنگەکانیان نەکرد و تا دوا ئاست شەڕی دادپەروەریی و سەروەریی یاسام کرد. دیاریشە ئەم خەون و خولیا و ئامانجەی ئێمە، لەمپەر بوو بۆ کاری زۆر کەس و لایەنی سیاسی کە کاریان دەکرد بۆ جێگیرکردنی فەرمانڕەوایی تاکەکەس و دەستەبژێرێکی تایبەت.

لەبەر کۆی ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەم پێدا و، پاش ڕەزامەندیی جڤاتی نیشتیمانیی بزوتنەوەی گۆڕان، وازهێنانی خۆم لە سەرۆکایەتی و ئەندامێتیی پەرلەمانی کوردستان ڕادەگەیەنم. !

خوای گەورە کوردستان و گەلە سەربەرزەکەی بپارێزێت.

**د. یوسف محەمەد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمان**

**٢٠١٧/١٢/٢٦**

## پاشکۆی (٣)

## پەیامی پشتیوانی سەرۆکی پەرلەمان لە خۆپیشاندانەکان

### پشتیوانی دەنگە ناڕازیی و مەدەنییەکانتانم.

### د. یوسف محەمەد سادق

وەك پشتیوانی لە دەنگی ناڕازی و مافخوراوی فەرمانبەران و مامۆستایان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا وەك سەرۆکی پەرلەمان، دەنگمان بخەینە پاڵ ئەو دەنگە مەدەنی و ناڕازیتان و بێینە شەقام و لەگەڵ هاوارو ناڕەزایی ئێوەدا بەم دەسەڵاتە شکست خواردووە بڵێین ئێوە هۆکاری ماڵوێرانی و هەمو ئەو تەنگەژانەن کە ڕووبەڕووی وڵاتێکی پڕ لە خێر و بێر بووەتەوە. ئێوە هۆکار دۆڕانی نیوەی خاکی کوردستانن، ئێوە هۆکاریی بەتاڵبردنی نەوت و سەروەت وسامانی ئەم وڵاتەن.. دەنگم لەگەڵ دەنگتاندایە. تکایە با هەمومان بە ئارامی و بە ڕێگەی مەدەنی و شارستانی گوزارشت لە دەنگی نارازیمان بکەین..

**٢٠١٧/١٢/١٨**

### پەیامی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە دەسگیر کردنی پەرلەمانتار رابون مەعروف

ئەمڕۆ لەناو خۆپیشاندەرانی شاری سلێمانی هێزەکانی ئاسایش، پەرلەمانتار (ڕابون مەعروف)یان دەستگیرکرد. ئەم کارەی ئاسایش پێشێلکردنی یاسایەو پەرلەمانتار خاوەنی پارێزبەندیی یاساییە. داوای دەستبەجێ ئازادکردنی ئەو پەرلەمانتارە و هەمو هاوڵاتیانی تر دەکەین کە ئەمڕۆ لەناو خۆپیشاندانەکاندا دەستگیر کراون. داواکارین هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و چالاکە مەدەنییەکانیش خۆیان بەدوور بگرن لە تەقەکردن و ئازاردانی خۆپیشاندەران.

لەهەمانکاتیشدا داوا لە خۆپیشاندەران دەکەین، بەهەمو شێوە یەك دووركەونەوە لەكاری توندوتیژیی و هەڵكوتانە سەر بارەگای حیزبی و دەوڵەتییەکان و مولك وماڵی گشتی و تایبەت، بە ئارامی و بەردەوامی خواست و داواکارییە ڕەوا و مەدەنیەکانیان دژ بەم دەسەڵاتە شکستخواردوە بەرز بکەنەوە.

خوای گەورە گەلی کوردستان بپارێزێت.

**د. یوسف محەمەد سادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**٢٠١٧/١٢/١٩**

## پاشکۆی (٤)

# هەڵوێستی فەرمی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەهێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی ڕۆژی ٢٠١٨/١/٣٠ سەبارەت بەهێرشی داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عفرینی ڕۆژئاوای کوردستان هەڵوێستی فەرمی گەلی باشوری کوردستانی بەم جۆرەی خوارەوە ڕاگەیاند:

یەکەم_ شەرمەزارو ئیدانەی هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا دەکەین بۆ سەر شاری عفرینی ڕۆژئاوای کوردستان.

دووەم_ داوا لەنەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەکەین بە خێرایی بێنە سەر خەت بەمەبەستی ڕاگرتنی هێرشی ناڕەوای تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عفرین.

سێیەم پێویستە دەوڵەتی تورکیا ڕێز لەبنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و دراوسێیەتی بگرێت و، داواش دەکەین دەستبەجێ هێرش و پەلامارەکان رابگرێت.

چوارەم_ داوا لە ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکان و لایەنەکانی کۆمەکبەخش دەکەی بەهانای خەڵکی مەدەنی شاری عفرینەوە بچن. لە پێشکەشکردنی هاوکاریی و دابینکردنی پێداویستیە مرۆییە سەرەتاییەکان.

پێنجەم_ بەرگری ڕەواو قارەمانانەی ژنان و پیاوانی خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژئاواو کانتۆنی عفرین بەرز دەنرخێنین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازیین.

لەم سۆنگەیەشەوە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو

یەك_ سنوری نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا کراوە بێ بۆ گەیاندنی هاوکاری و کۆمەکی پێویست لە ڕووی تەندروستی و مرۆییەوە بۆ خەڵکی لێقوماوی ئەری عفرین بەتایبەتی و ڕۆژئاوا بەگشتی.

دوو_ پێویستە هێزو لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەلەبەر چاو گرتنی مەترسیەکانی سەر ئەزموونی ڕۆژئاوا، ناکۆکیەکانیان بەلاوە بنێن و لە ڕێگای دایەلۆگ و یەکر قبوڵکردنەوە یەکڕیزی نەتەوەیی دروست بکەن و دەستکەوتەکانیان بپارێزن.

سێ_ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەم قۆناغە بەپێویست دەزانین بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە هاوبەشە نیشتمانیەکان و، پێویستە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان بەکردار بخرێتە سەرووی بەرژەوەندیە ئایدۆلۆژیی و حزبی و سیاسیەکان.

لە کۆتاییدا بەناوی پەرلەمانی کوردستان سوپاس و ستایشی هەڵوێستی بوێرانەی جەماوەری گەلی کوردستان لەباشوورو ڕەوەندی کوردستانی لە وڵاتانی دەرەوە دەکەین، لە پشتیوانی شاری عفرین و خەڵکی قارەمانی ڕۆژئاوا. هیوا خوازین ناڕەزایی و چالاکی و خۆپیشاندانەکان بۆ کۆتایی هێنان بەهێرش و پەلاماری تورکیا بەردەوام بن. چونکە ئەزموونی رابردوو بۆ هەموو لایەکی سەلماندوە کێشەو ناکۆکیەکان بەهێز چارەسەر نابن و لۆژیکی گفتوگۆی ئاشتیانە کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانە.

سەرکەوتن بۆ ئیرادەی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان

سڵاوو ستایش بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان.

**پەرلەمانی کوردستان**

٢٠١٨/١/٣٠

## پاشکۆی (٥)

## نوسراوی ئینستتیۆتی پەی کە ئاراستەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کراوە

**PAY INSTITUTE**
**For Education & Development**

**ئینیستوتی پەی**
**بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ژمارە: 1 — ڕۆژ: ٢٠١٨/١/٢٤

**بەڕێز/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / چاوپێکەوتن**

پاش سڵاو

ئێمە لە ئینستتیوتی پەی خوازیارین لە نزیکەوە لەگەڵ بەڕێزتان گفتوگۆیەکەین لەسەر دەستپێکردنەوەی پرۆژەی چاودێری کارەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆیە لەرێی ئەم نوسراوەوە داوای دەستنیشانکردنی کات دەکەین.

بەڕێزتان ئاگادارن مانگی (٢٠١٧/٢) کارەکانی پەی لە پەرلەمان ڕاگیرا و لەوکاتەوە هیچ هاوکارییەک لەگەڵ پرۆژەکە نەکراوە، یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگرتنی کارەکانمان لەپەرلەمان ئەو بوو پەرلەمان کارەکانی پەکی کەوتووە، بەڵام ئێستا دانیشتنی پەرلەمان و لیژنەکان دەستی پێکردۆتەوە و ئێمەش خوازیارین کە لە نزیکەوە کارەکانمان بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش یاداشتێکمان ئامادە کردووە و سەرجەم لایەنە یاسایەکانی پرۆژەکەمان شیکردۆتەوە و هاوکات ڕاپرسییەکمان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان لەسەر پرۆژەکە کردووە.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**د. سەروەر عبدالرحمن عومەر**
**بەڕێوەبەری ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
٢٠١٨/٠١/٢٤

sarwary74@yahoo.com - payinstitute@gmail.com
https://www.facebook.com/payinstitute - http://payied.org/ - ٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣ - ٠٧٧٠١٤٦٤٥٧٦

## پاشکۆی ( ٦ )

## نوسراوی ئینستتیۆتی پەی کە ئاراستەی سکرتێری پەرلەمان کراوە

**PAY INSTITUTE**
**For Education & Development**

**ئینیستتوتی پەی**
بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ژمارە: 2 — ڕۆژ: ٢٠١٨/١/٢٤

**بەڕێز/ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / چاوپێکەوتن**

پاش سڵاو

بەڕێزتان ئاگادارن ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، ماوەی (٤) ساڵە هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکات، تا ئێستا (٩) ڕاپۆرتی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لەمانگی (٢٠١٧/٢) کارەکانی پەی لە پەرلەمان ڕاگیرا و لەوکاتەوە هیچ هاوکارییەک لەگەڵ پرۆژەکە نەکراوە ئێمەش بەهۆی دخۆی پەرلەمانەوە بێدەنگیمان هەڵبژارد، یەکێکیش لە هۆکارەکانی ڕاگرتنی کارەکانمان لەپەرلەمان ئەو بوو پەرلەمان کارەکانی پەکی کەوتبوو، بەڵام ئێستا دانیشتنی پەرلەمان و لیژنەکان دەستی پێکردۆتەوە و ئێمەش خوازیارین کە لە نزیکەوە کارەکانمان بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش یاداشتێکمان ئامادە کردووە و سەرجەم لایەنە یاساییەکانی پرۆژەکەمان شیکردۆتەوە و هاوکات ڕاپرسییەکمان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان لەسەر پرۆژەکە کردووە.

بۆیە ئێمە خوازیارین لە نزیکەوە لەگەڵ بەڕێزتان گفتوگۆبکەین لەسەر دەستپێکردنەوەی پرۆژەی چاودێری کارەکانی پەرلەمانی کوردستان و لەڕێی ئەم نوسراوەوە داوای دەستنیشانکردنی کات دەکەین.

لەگەڵ ڕێزدا ...

**د. سەروەر عبدالرحمن عومەر**
**بەڕێوەبەری ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
٢٠١٨/٠١/٢٤

ناونیشان: سلێمانی - گەڕەکی ڕزگاری - بەرامبەر یانەی وەرزشی ئاشتی - ئیمەیل sarwary74@yahoo.com - payinstitute@gmail.com
٠٧٧٠١٨٦٤٥٧٦ - ٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣ - http://payied.org/ - https://www.facebook.com/payinstitute/

## پاشکۆی (٧)

## یاداشتی ئینستتیوتی پەی کە ئاراستەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کراوە سەبارەت بە پرۆژەی چاودێری پەرلەمان

ژمارە:٦ رۆژ: ٢٠١٨/١/٢٩

**بەڕێز/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / پرۆژەی چاودێری پەرلەمان**

هەروەك بەڕێزتان ئاگادارن ئێمە وەك (ئینستتیوتی پەی) لەسەرەتای دەستبەکاربوونی خولی چوارەمی پەرلەمانەوە، وەك رێکخراوێکی مەدەنی، ئەرکی چاودێریی پەرلەمانی کوردستانمان گرتە ئەستۆ، هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتێکمان سەبارەت بە ئەدای کاری پەرلەمان ئامادەکردووە و تا ئێستاش (٨) راپۆتمان بڵاوکردۆتەوە.

ئێمە وەك رێکخراوێکی مەدەنی لەچوارچێوەی کاری خۆماندا پابەندی پرەنسیپەکانی کارکردن و رێکارە یاساییەکان بووین و پرۆفیشناڵانە و بێلایەنانە کارەکانی خۆمان ئەنجامداوە، دوور لەهەر تێڕوانین و لایەنگرییەکی سیاسی. لەگەڵ ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەگشتی هاوکارمان بوون لەپێدانی زانیاری و ئاسانکاری کردن بۆ تیمەکەمان کە شایەنی رێز و سوپاسە، لەهەمان کاتدا چەندین جار رێگریمان لێکراوە و دوا رێگریش لە کارەکانمان لەمانگی (٢٠١٧/٢) وە درێژەی هەیە، سەرەتایی رێگریەکەش ئاوها دەستی پێکرد، پاش دانیشتێکی لەگەڵ بەرێز (د.جعفر ئیمنکی،جێگری سەرۆکی پەرلەمان) لە رۆژی (٢٠١٦/١٢/٤) کە تیایدا گلەی لە راپۆرتەکان کرد لەسەر ئەوەی کۆمەڵێك زانیاری هەیە بۆ بڵاوناکرێتەوە؟ ئێمەش رامانگەیاند بەردەستمان نیە و پێمان نادرێت، داوای کرد نوسراوێك بووسین بۆ ئەوەی رەزامەندی بدات لەسەر پێدانی ئەو زانیاریانە لەسەر کاری لیژنەکان، ئێمەش لەسەر ئەو ئەساسە رۆژی (٢٠١٦/١٢/٨) نوسراوی ژمارە (١٥٥)ی ئینستتیوتەکەمان نارد تیایدا (٤) داواکاریمان نوسی بوو، بەڵام رۆژی (٢٠١٧/١/٢٤) بەنوسراوی ژمارە (١٤٣/٥/٢) لە دیوانی پەرلەمانەوە وەڵام درانیەوە بەوەی تەنها خاڵی یەکەم لە داواکارییەکانمان جێ بەجێ دەکرێت، ئێمەش پاش ئەو رەزامەندیە فۆرمی نوێمان ئاراستە کاروباری لیژنەکان کرد بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ راپۆرتی ژمارە (٧) ی ئینستتیوتیەکەمان، بەڵام بەنوسراوی ژمارە (٤٥٢/٤/٤ لە ٢٠١٧/٢/٢٧) لە دیوانی پەرلەمانەوە ئاگادار کراینەوە کە دوای رەزامەندی لەجێگری سەرۆکی پەرلەمان پێتان رادەگەیەنین کە هەر زانیاریەکتان دەوێت لە سایتی فەرمی پەرلەمان وەریبگرن، هەر لەنوسراوەکەدا هاتووە ئەم کارە پاڵپشتە بە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان کەماف بە هیچ لایەنێکی دەرەکی نادات وەك چاودێر کاربکات لەسەر چالاکی و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، لەراستیدا ئەوە بۆ ئێمە زۆر سەیر بوو! چونکە ئێمە لەسەر داوای جێگری سەرۆکی پەرلەمان نوسراومان کرد و ویستمان راپۆرتەکان فراوانتر

بکەین بە زانیاری نوێ، بەڵام ئاوها وەڵام درانەوە، ئێمە بەدڵنیایەوە رایدەگەیەنین هیچ مادده و هیچ یاسایەك له کوردستان دەرنەچووە رێگری لە کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بکات لە پێناو بەدەستهێنانی زانیاری و جێی بەجێکردنی کارەکانیان، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆخی پەرلەمان کوردستان ناهەموار بوو بێدەنگیمان هەڵبژاردن و کارەکانی خۆمان ئەنجامدا و دوو راپۆرتمان بڵاوکردەوە.

<u>**بەرێزان پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدانەوە ئەنجام دەدرێت، کارێکی مەدەنی و یاساییە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:**</u>

١- رێکخراوەکەمان بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١) ی رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە لە پەرلەمان دەرچووە، بە ژمارە (١٤٠٦) لە ٢٠١٣/١١/٢٦ دا تۆمار کراوە.

٢- لە برگەی (٤)ی مادەی (٣)ی پەیرەوی ناوخۆی ئینستتیوتدا هاتووە کە ئینستتیوتی پەی "چاودێری گشت دامەزراوە گشتیەکان دەکات لەپێناو گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی توانای حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان" کە پەرلەمانیش یەکێکە لەم دامەزراوە گشتیانەو ئەم پەیرەوەش بەپێی یاسا لەلایەن فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانەوە پەسەند کراوە.

٣- بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ی مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان کە لەپەرلەمانەوە دەرچووە مافی ئەوەمان هەیە زانیاریمان پێ بدرێت .

٤- بەپێی بریاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان) لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، پەرلەمان داوامان لێدەکات هاوکاری دامودەزگا گشتیەکان بین کە پەرلەمان یەکێك لەوانەیە.

٥- وەك ئەوەی باسی لێوە دەکرێت، گوایە پەرلەمان بەرزترین دەزگای نیشتمانی ئەم هەرێمەیە و خۆی چاودێرەو ناکرێت چاودێری بکرێت و لەگەڵ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا وێك نایەتەوە، ئەم قسەیە هیچ بنەمایەکی نیەو لەسەرتاپای پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا برگەو مادەیەکی لەم جۆرە بەرچاو ناکەوێت.

٦- جگە لە چاودێری پەرلەمانتاران و پەرلەمان، چاودێریی ئەو رەوشەشمان کردووە کە هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکان دەرهەق پەرلەمان دەیکەن، هەر لە پەکخستنی پەرلەمان و بێ بایەخ کردنی و حیساب نەکردن بۆ پەرلەمان و بڕیارەکانی لە راپۆرتەکانماندا رەنگی داوەتەوە.

٧- لە راپۆرتەکانماندا باسی ئەو پێشلکارییە یاساییانەشمان کردووە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەرهەق بە پەرلەمان و یاساو بڕیارەکان کردوویەتی و لەو دامودەزگاو دامەزراوە گشتیانەش دواوین کە پەکیانخراوە بەهۆی پەککەوتنی پەرلەمانەوە.

<u>**پاشان دەپرسین ئایا پەرلەمانی کوردستان تاکە پەرلەمانە چاودێری بکرێت؟**</u>

هەندێك لە پەرلەمانتاران پێیان وایە کە پرۆسەی چاودێریکردنی پەرلەمان لەهیچ شوێنێکی تری دنیادا نیەو تەنها لە کوردستان هەیەو هەر بۆیەش ئەمە کارێکی نەشیاوە، بۆ روونکردنەوەی ئەم مەبەستە ئەم چەند خاڵە دەخەینە روو:

١- ئینستتیوتی پەی یەکەم رێکخراو نیە چاودێریی پەرلەمانی کوردستانی کردبێت، پێشتر دوو رێکخراوی تر ئەم کارەیان کردووە:

ا- لە ساڵی (٢٠٠٧) تا (٢٠١١) کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ASK چاودێریی پەرلەمانی کردووە و پرۆژەکەی بەناوی (پرۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان) بوو و چەندان راپۆرتی بڵاو کردۆتەوە.

ب- لە ساڵی (٢٠١٢) تا (٢٠١٣) رێکخراوی (RDO) چاودێری پەرلەمانی کوردستانی کردووەو چەند راپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە.

٢- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلایەن (مؤسسە مدارك لدراسات الرقی الفکری) ەوە چاودێری دەکرێت و تا ئێستا راپۆرتی مانگانەو وەرزییان بڵاو کردۆتەوە. کە ئەمە لینکی ماڵپەڕەکەیانە:

http://www.miqpm.com/index.php

٣- پەرلەمانی ئوردن لەلایەن (مرصد البرلمان الأردنی)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

http://www.jpm.jo

٤- پەرلەمانی یەمەن لەلایەن (المرکز الیمنی لقیاس الرأی العام)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

http://www.ypwatch.org

٥- پەرلەمانی مەغریب لەلایەن (المرصد المغربی للعمل البرلمانی)ەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://www.slideshare.net/ajjmaroc/ss-14482863

١١- پەرلەمانی فەرەنسا لەلایەن چەند رێکخراوێکەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

http://www.nosdeputes.fr

١٢- پەرلەمانی مصر لەلایەن چەند رێکخراوێکەوە چاودێری دەکرێت و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://egpw.org

١٣- پەرلەمانەکانی (ئەوروپی و ئەمەریکی) لەلایەن (خزمەتگوزاریی روانگەی پەرلەمانی)ەوە چاودێری دەکرێن و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Parliamentary_Monitoring_Services

١٥– نزیکەی (٨٠) پەرلەمان لە دنیادا لەلایەن (٢٠٠) مەرسەدی پەرلەمانیەوە چاودێری دەکرێن کە لەلایەن (پەیمانگای دیموکراسی نیشتمانی NDI) و (پەیمانگای بانکی نێودەوڵەتی WBI)ەوە سەرپەرشتی دەکرێن و ئەمەش لینکی ماڵپەڕی چاودێریکردنەکەیانە:

[https://www.ndi.org/sites/default/files/governance-parliamentary-monitoring-organizations-survey-september-2011.pdf](https://www.ndi.org/sites/default/files/governance-parliamentary-monitoring-organizations-survey-september-2011.pdf)

مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم نمونانە ئەوەیە کە لە دنیای پێشکەوتوو و تەنانەت کۆمەڵێك لە وڵاتانی رۆژهەڵات و جیهانی سێیەمیشدا دا نەك هەر ئاساییە پەرلەمانەکانیان لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیەوە چاودێری بکرێن، بەڵکو پێچەوانەکەی نائاساییە کە رێگە بە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی نەدرێت چاودێرییان بکەن. چونکە رێگری کردن واتە شاردنەوەی راستیەکان و نەبوونی شەفافیەت، ئەمەش لەگەڵ پێوەر و بنەماکانی دیموکراسیەت و ئەو دروشمانەدا وێکنایەتەوە کە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی دەبێت ئاسایی بێت لە کۆمەڵێك وڵاتی پێشکەوتووی ئەورووپی و ئەمەریکی چاودێریی پەرلەمان بکرێت؟ لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و باشوری ئەفەریقیا، تەنانەت لەوڵاتانی عەرەبیشدا پەرلەمانەکانیان چاودێری بکرێن، بەڵام لە کوردستاندا ئاسایی نەبێت!؟

پاشان ئێمە لە مانگی (٢/٢٠١٧) ە وە کە رێگریمان لێکراوە و تائێستاش چاوەڕێبووین لەبەر ئەوە بووە کە لە پەرلەمان پێمان دەوترا چاودێری چی دەکەین؟ نە کۆبوونەوەی پەرلەمان هەیە نە کۆبوونەوەی لیژنەکان هەیە، بەڵام لە ئێستادا کۆبوونەوەکان هەیە، بۆیە داوکارین لە بەرێزتان وەك چۆن لەسەرتای دەست بەکاربوونی ئەم خولەوە بە رێگەدان بە رێکخراوەکان و میدیاکان دەرگاکانی پەرلەمانتان وەڵاکرد بۆ ئەوەی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە زانیارییەکانی پەرلەمانی پێبگات، ئێستاش داواکارین رێگە بە تیمەکانمان بدەنەوە بۆ بەشداری لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و لیژنەکان و هاوکاریشمان بکەن بە پێدانی زانیاری، هاوپێچ راپرسیەك دەنێرین بۆتان کەلەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە لەسەر پرۆژەی چاودێری پەرلەمان و گرنگی پرۆژەکە .

تاکە مەبەستی ئێمە برەودانە بە بواری دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان و پشتگیریی پەرلەمان وەك بەرزترین دەزگای یاسایی وڵات، لەگەڵ رێزماندا

د.سەروەر عبدالرحمن عومەر

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

٢٠١٨/١/٢١

## پاشکۆی (٨)

### بەیان

دوای گەڕانەوەی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ (چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ (بڕیاری گێڕانەوەی چەند بڕگە و ماددەیەکی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ی پەرلەمانی کوردستان).

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا لە هەردوو (لیژنەی کاروباری یاسایی) و (لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان) دەکات بۆ پێداچوونەوەی بڕگە و ماددەکانی کە لە بڕیارەکە ئاماژەی پێکراوە و، ئامادەکردنی راپۆرتی هاوبەشیان لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ و بەرزکردنەوەی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی لە دانیشتنێکی (نائاسایی) پەرلەمان.

جعفر إبراهیم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان ـ عێراق

## پاشکۆی (٩)

## بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە گێڕانەوەی یاسای چاکسازی موچەو خانەنشینی

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: 1**

**مێژووی بڕیار: 2018/3/4**

### بڕیار

پشت بە حوکمی برگەی (سێیەم) لە ماددەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017 (یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم) و ئەو دەسەڵاتەی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، و بەمەبەستی پێداچوونەوەی زیاتری کۆی یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەم بڕیارەی خوارەوەماندا:

**یەکەم**: گێڕانەوەی کۆی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2018 (یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم**: ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ـدا بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد دلشاد شکراللە**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عێراق**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عێراق**

## پاشكۆی (١٠)

## بڕیاری سەرۆكایەتی پەرلەمان سەبارەت بە گێڕانەوەی یاسای چاكسازی موچەو خانەنشینی

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٨/٣/٤**

**بڕیار**

پشت بە حوكمی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (یەكەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ (یاسای دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەكانی هەرێم) و ئەو دەسەڵاتەی بە سەرۆكایەتی پەرلەمان دراوە، و بەمەبەستی پێداچوونەوەی زیاتری یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ یاسای (چاكسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكانی تر لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق)، ئەم بڕیارەی خوارەوەماندا:

**یەكەم:** گێڕانەوەی (برگەكانی (دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم و حەوتەم) لە ماددەی (٣)) و (برگەی (دووەم) لە ماددەی (٨)) و (خاڵی (٢) لە برگەی (یەكەم) لە ماددەی (١١)) یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ (یاسای چاكسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكانی تر) لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٨/٣/٤ـەوە جێبەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا بڵاو دەكرێتەوە.

**بێگەرد دلشاد شكرالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان ـ عێراق**

**جعفر إبراهیم ئیمینكی**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان ـ عێراق**

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان ـ عێراق**

## پاشکۆی (١١)

## ڕاگەیەنراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ماوەی خولی گرێدانەوە

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

دوای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ دوو خولی گرێدانی تر بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ (یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق)، لە ٢٠١٧/١١/٦ خولی پاییزەی ساڵی پێنجەمی ماوەی درێژکراوە تێپەڕی و، بەپێی حوکمی ماددەی (دووەم) لە یاسای ناوبراو دەستەی سەرۆکایەتی ڕێکخستنی ماوەی گرێدانی خولی یەکەم و دووەم لە ئەستۆ دەگرێت و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە ئەم ماددەیە پێمانی داوە بڕیارماندا بە (ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی پاییزەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان)، وە بۆ پرسە چارەنووسیەکان کە پەیوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە بەتایبەتی (بابەتی چاکسازی و هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) هەر کاتێك لیژنە تایبەتمەندیەکان ڕاپۆرتی تایبەت بەم پرسانەی ئامادەکرد، بە پێی حوکمی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٤٩) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان–عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، حوکمی ماددەی (٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان بە دانیشتنێکی نائاسایی بابەتەکان دەخاتەڕوو و یەکلایی دەکاتەوە.

بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پیرۆزبایی لە گشت فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ بەڕێوەچوونی ئەم خولە و وێڕای دەستخۆشی کردن لێیان بۆ دەرچوواندنی چەندین یاسا و بڕیار و گفتوگۆکردنی چەندین بابەتی گرنگ کە لە بەرژەوەندی گشتی هەرێمی کوردستان بوو.

**بێگەرد دلشاد شکراللە**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## خشتەی (١)

## لیژنەی کاروباری یاسایی

| ژ | ناو | پلە | تەمەن | بڕوانامە | فراکسیۆن | ژمارەی مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڤالا فريد ابراهيم | سەرۆكی لیژنە | ١٩٧٦ | دکتۆرا | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٤٧٨٨٢٦ | Vala_fareed@yahoo.com |
| ٢ | بەهار محمود فتاح | جێگری سەرۆك | ١٩٧٣ | دکتۆرا | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠١٤٣٨٧٦٠ | Baharfatah@yahoo.com |
| ٣ | تەلار لطيف محمد | بڕیاردەر | ١٩٧٤ | بکالۆریۆس | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٤٥٣٥٤٧ | tyad22@yahoo.com |
| ٤ | ريواز فائق حسين | ئەندام | ١٩٧٧ | دکتۆرا | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٤٦٦٧١٤ | Rewaz_faiaq@yahoo.com |
| ٥ | ابوبكر عمر عبدالله | ئەندام | ١٩٧٠ | بکالۆریۆس | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٠٠٥٨٨ | abubakr.haladny@gmail.com |
| ٦ | انور قادر مصطفى | ئەندام | ١٩٧٦ | بکالۆریۆس | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠١٩٠٧٦٥١ | Anwarqadir75@gmail.com |
| ٧ | ڤەمان فيصل سليم | ئەندام | ١٩٨٦ | بکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٧١٦٣٣٤ | vaman86@hotmail.com |
| ٨ | شوان احمد نعمان | ئەندام | ١٩٦٨ | بکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥١١٥٣٣ | shwanshexahmad@gmail.com |
| ٩ | لينا عزريا بەهرام | ئەندام | ١٩٧٩ | بکالۆریۆس | لیستی رافیدەین | ٠٧٥٠٤٩٤٨٦٢٥ | |
| ١٠ | منى نبى نادر | ئەندام | ١٩٧٨ | بکالۆریۆس | پێشکەوتنی تورکمان | ٠٧٧٠٤٤٥٦٧٧٦ | yigilmuna@yahoo.com |
| ١١ | گەشە دارا حەفيد | ئەندام | ١٩٧٣ | ماستەر | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٦٤٤٤٠ | gashahafid@yahoo.com |

### هەڵسەنگاندنی کاری لیژنە لە ماوەی خولی گرێدانی پاییزەی ساڵی پێنجەمی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان ( ٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ تا ٦ ی ئازاری ٢٠١٨ )

| ژ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی کردوویەتی لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا | ١٦ |
| ٢ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە | ١٩٠ |
| ٣ | ئەو پرۆژە یاسایانەی لەسەرەتای خولی چواری پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنە کراوە و راپۆرتیان لەسەر نوسرابوو تا ٢٠١٨/٣/٦ | ٤٨ |
| ٤ | ئەو پرۆژانەی لیژنە لەماوەی ئەو خولی گرێدانەدا (٦ ی تشرینی دووەمی٢٠١٧ تا ٦ ی ئازاری ٢٠١٨) راپۆرتی لەسەر نوسیوە | ٨ |
| ٥ | ئەو پرۆژانەی لیژنە راپۆرتی لەسەر نەنوسیون و کاری لەسەر نەکردوون | ١٤٢ |

## خشتەی (٢)

## لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری، وەبەرهێنان

| ژ | ناو | پلە | تەمەن | بڕوانامە | فراکسیۆن | ژمارەی مۆبایل | ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عزت صابر اسماعیل | سەرۆکی لیژنە | ١٩٧٣ | دکتۆرا | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٣٦٦٠٩٣ | azizsabr@yahoo.com |
| ٢ | علی حمە صالح | جێگری سەرۆک | ١٩٨٤ | بەکالۆریۆس | بزوتنەوەی گۆڕان | ٠٧٧٠٤٧٩٦٠٠٢ | alihawlati@gmail.com |
| ٣ | هیڤا حجی میرخان | بریاردەر | ١٩٧٣ | بەکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥١٣٠٣٤ | hiva.hmb@gmail.com |
| ٤ | صالح فقی محمدامین | ئەندام | ١٩٧٢ | بەکالۆریۆس | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٦٤٧٣٢ | salih.faqe@yahoo.com |
| ٥ | یروانیت نیسان مارکۆس | ئەندام | ١٩٧٤ | بەکالۆریۆس | ئەرمەن | ٠٧٥٠٤٥٠٣٨٧٤ | |
| ٦ | مدینە ایوب احمد | ئەندام | ١٩٨٢ | بەکالۆریۆس | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٥١٩٥٢١ | masir1985@yahoo.com |
| ٧ | سۆران عمر سعید | ئەندام | ١٩٧٨ | بەکالۆریۆس | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٥٠١١٢٦٠٦٤ | soranomar8@gmail.com |
| ٨ | شێرکۆ جەودەت مصطفی | ئەندام | ١٩٦٩ | دکتۆرا | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠٧٧٠١٥٦٢٦٨٧ | sherko9691@yahoo.com |
| ٩ | شیرین حسنی رمضان | ئەندام | ١٩٨٠ | دکتۆرا | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠٧٥٠٤٧٤١٤٤٨ | sh_zewky@yahoo.c |
